# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی

یەکشەممە ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٣ ٢١ی ئاوریلی ٢٠١٤ | ژمارە ٦٣٠ | www.kurdistanukurd.com


## خامنەیی: بەرامبەریو یەکسانیی ژنو پیاو دیاردەیەکی ڕۆژئاواییە

عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕیژیمی ئیسلامیی ئێران ڕۆژی شەممە ڕایگەیاند کە بەرامبەریو یەکسانیی جینسیی نێوان ژنو پیاو شتێکی هەڵەیە، ناوبراو دەڵێ پرسی ژنان ناکرێ لە دەرەوەی پرسی خێزاندا بێتە بەرباسو قسەی لێ بکرێ. ناوبراو کە لە کۆبوونەوەی سەدان ژنی بژاردەی ئێراندا قسەی دەکرد، جەختی کردەوە کە بەرامبەریی جنسیی نێوان ژنو پیاو شتێکی تەواو هەڵەیەو کلتووریێکی ڕۆژئاواییەو؛ هەر کەس بۆ پرسی ژن لە دەرەوەی خێزاندا بگەڕێ، لە تێگەیشتنی ئەو باسە تووشی هەڵە دەبێ.

## پەلاماردانی بەندی ٣٥٠ ی زیندانی ئێڤین

بەپێی ڕاپۆرتی سەرچاوەکانی مافەکانی مرۆڤ ئەو زیندانییانە لە حەوشەی زیندان، ساڵۆنی دەرەوەی بەندی ٣٥٠و ژوورو شەقامە نێوخۆییەکانی زیندانی ئێڤین لەلایەن هێزەکانی سپا، ئیدارەی ئیتلاعاتو مەئموورەکانی زیندانەوە هێرشیان کراوەتە سەرو، لەم هێرشەدا کۆمەڵێک لە زیندانیانی تووشی هێرشی عەسەبیو وەستانی دڵ هاتوون، بەڵام بەم حاڵەش ئیزنی دەستڕاگەیشتن بە دەرمانەکانی دڵ بە تایبەت حەبەکانی ژێر زمانیان پێ نەداون. ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنوور هێرش کردنەسەر زیندانیانی بەندی ٣٥٠ی زیندانی ئێڤین و «پێشێل کرانی ڕەهاو ئاشکرای مافەکانی مرۆڤ لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی» مەحکووم کردووە.

### ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان:

# بەندییە سیاسییەکانی کورد لە گەڵ مەترسیی ئێعدام بەرەوڕوون



بە دەرچوونی حوکمی ئێعدام بۆ محەممەد عەبدوڵلاهیو مستەفا سەلیمی، دوو زیندانی سیاسیی دیکەی کورد، ژمارەی بەندییە سیاسیو مەزهەبییەکانی کورد کە لە لایەن دادگاکانی شۆڕشی کۆماری ئیسلامییەوە بە ئێعدام مەحکووم کراون، گەیشتە ٦٠ کەس.

ئێعدامی تێکۆشەرانی کورد هەر بۆ سەردەمی کۆماری ئیسلامی ناگەڕێتەوەو پێشتریش خەباتکارانی کوردستان سزای ئێعدامیان لە سەر بەڕێوە چووە، بەڵام پاشی تێپەڕینی زیاتر لە ٣ دەیە لە تەمەنی کۆماری ئیسلامی، سیاسەتی ئەو ڕێژیمە هەتا ئیستاش ئەوەیە کە بە ئێعدام بەرەوڕووی چالاکانی سیاسیو مەزهەبیی کورد بێتەوە.

ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان لە بەیاننامەیەکدا، ڕایگەیاندوە کە شەپۆلی نوێی دەرکردنی حوکمی ئێعدام، بۆ چالاکانی کورد بە تاوانی «شەڕ لە گەڵ خوا»و پێوەندیو هاوکاری لە گەڵ حیزبە کوردییەکانەوە، هیچ بنەمایەکی قانوونی، حوقووقیو ئینسانیی نییە. ئەم ڕێکخراوە وێڕای بە داخبوون لە دەرچوونی بڕیاری ئێعدام بۆ ئەو دوو کەسەو بەڕێوەچوونی سزای ئێعدام لە سەر سمکۆ خورشیدی لە بەرەبەیانی ٢٧ی خاکەلیوەی ئەمساڵدا، نیگەرانیی قووڵی خۆی لە مەترسیی ئێعدامکرانی بەندییە سیاسیو مەزهەبییەکانی کورد بە تاوانی پووچ و بێبنەمای «محاربە»و «جیاییخواز» ڕادەگەیەنیو داوا لە ڕێکخراوە نیونەتەوەییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ دەکا دەسبەجێ دژکردەوە نیشان بدەن.

## ڕۆژهەڵاتی مەدەنیو بەفەرهەنگ

**ئاسۆی حەسەن زادە**

«ئەمن لەوە نیگەران نیم کە تیرباران بکرێم، چونکە لەهەرحاڵدا بۆ ئێمەمانان ئەم جۆرە مردنە مەرگی سروشتییە. ئەوەی نیگەرانم دەکا ئەوەیە کە ئەوەندەت رق لە نیزامییەکانە، ئەوەندەت خەبات بەدژیان کردووە، ئەوەندەت بیر لێکردوونەوە، کە سەرەنجام بۆخۆشت وەک وانت لێهاتووە. هیچ ئامانجێک لە ژیاندا نیە کە شایانی ئەو هەموو پەستییە بێ».

**(گابریەل گارسیا مارکێز، «سەت ساڵ تەنیایی»)**

لێخۆشبوونی دایکێکی ڕۆڵە کوژراو لە دەمی لەسێدارەدانی بکوژی کوڕەکەیدا ئەو هەواڵەی حەوتووی ڕابردووی ئێران بوو کە زۆرترین دەنگدانەوەو ڕەنگدانەوەی نەک هەر لە نێوخۆی وڵات بەڵکوو لە میدیاکانی جیهانیشدا بەخۆیەوە دی. چەند ڕۆژ پێشتریش ئەوە ئازادکرانی پاسەوانە سنوورییە بەبارمتەگیراوەکان بوو - بەبێ ئەوەی هیچ کام لە مەرجو داخوازەکانی گرووپی چەکداریی ناسراو بە «جیش العدل» جێبەجێ کرابن- کە مانشێتی هەواڵەکانی کردبووە هی خۆی.
ئاشکرایە کە لەڕووی سروشتی ڕووداوەکانەوە هیچ چەشنە پێوەندییەک لەنێوان ئەم دوو هەواڵەدا نیە. بەوحاڵەش، کاتێک سەرنج دەدەینە بڕیارو کرداری هەر ئەم ڕۆژانەی دەزگای سزاو سەرکوتی کۆماری ئیسلامی (زەبر و زەنگی بەکارهاتوو بەدژی زیندانیانی سیاسیی بەندی ٣٥٠ی ئێڤین، نیازی جێبەجێکردنی چەند حوکمی دیکەی ئێعدامی سیاسی لە کوردستان، ... هتد)، بە شێوەیەکی زۆر ڕوونو سادە دوو ئاقاری تەواو پێچەوانە لە زەیندا دەمەیێ: لەلایەک حەزو ویستی دابەزاندنی ئاستی بێڕوحمی لە بەستێنی توندوتیژیی تاکو گرووپەکانی نێو کۆمەڵگادا؛ لەولاشەوە لێبڕاویو سووربوون لەسەر بردنەسەری پلەی وەحشیگەری لە بەستێنی توندوتیژیی دەوڵەتیدا.
فەلسەفەو کارکردی ڕێژیمەکان نەک هەر هۆکارو سەرچاوەی شەرعیەتی شێوەکانی خەباتی نەیارانیانە (بە مێتۆدە چەکدارییەکانیشەوە)، بەڵکوو کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی سەرجەم خەڵکیش هەیە. بەچەشنێک کە قسە نەک تەنیا لە جیاوازییەکی ڕووت و سادەی سیاسیو نیهادی لەنێوان ئەم ڕێژیمو ئەو ڕێژیمدا، بەڵکوو لە دژایەتیی قووڵو هەستیاری فەلسەفی لەنێوان ئەم مۆدێلو ئەو مۆدێل لە جیهانبینیو لەراستیدا شەڕ شەڕی زاڵکردنی ئەم ڕوانین یا ئەو ڕوانین بۆ خودی جەوهەری مرۆڤو ئیدئالی بەرزی کۆمەڵگایە.

ل ٣




خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە غەیابی شێوەکانی دیکەی خەباتدا

٥



٢١ی خاکەلێوە ساڵڕۆژی حوکمی دادگای میکۆنۆس

٦



ڕۆژنامەنووسی لە کوردستانو نەبوونی خوێندەواری میدیایی

٧



چالاکیی ژنانی کورد لە هەڵبژاردنی شوورا و شارەوانییەکاندا

٨



قەیرانی ئۆکراین سەلماندی ئورووپا هەروا لاوازە

٩


## کوژرانی گوماناویی ٨ کەس لە مەریوان لەماوەی ١٠ ڕۆژدا

لە ماوەی ١٠ ڕۆژی ڕابردوودا هەشت کەس لە شاری مەریوان بە شێوەی گوماناویی کوژراون.

چالاکانی مەدەنی شاری مەریوان دەڵێن لە ماوەی ١٠ ڕۆژی ڕابردوودا لە چەندین ناوچەی مەریوان هەشت حاڵەتی کوشتنی نادیار ڕوویانداوە و دەڵێن بەهۆی ئەوەی کە زۆربەیان بە گوریسی شین هەڵواسراون، وا گومان دەکرێ کە لەلایەن کەس یان کەسانێکەوە کوژرابنو دواتر بۆ ئەوەی وا نیشان بدرێ خۆیان کوشتووە، هەڵواسراون.

پزیشکی دادوەریی شاری مەریوانیش لەو بارەوە ڕایگەیاندووە، کە تاوەکوو تەواونەبوونی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ناتوانێ ئەو دەنگۆیانە ڕەت یان پشتڕاست بکاتەوە.

هەر لەو بارەوە عوبەید زارعی، چالاکی مەدەنی شاری مەریوانیش بە»ڕووداو»ی ڕاگەیاندوە کە ترسێکی زۆر بە خەڵکی شارەوە دیارەو، تا ئێستا هۆکاری ئەو مردنانە بۆ خەڵک ڕوون نییە.

دەگوترێ کە زۆربەی کوژراوان خەڵکی کاسبکار بوونو هیچ جۆرە چالاکییەکی سیاسی و مەدەنییان نەبووەو باس لەوەش دەکرێ کە ئەو کوشتنانە پیلانی ناوەندە ئەمنیەتیەکانی ڕێژیمی لە پشت بێ، بۆ ئەوەی پێش بەوە بگرن مەریوان بە ناوچەیەکی ئابووریی ئازاد بناسرێ.

شایانی باسە کوژرانی پیاوێکی تەمەن ٢٠ ساڵ بە ناوی «ع. و» لە زرێبار؛ کوژرانی پیاوێکی تەمەن ٣٠ ساڵ لە جادەی گوندی نەچێ؛ پیاوێکی تەمەن ٤٠ ساڵ بە ناوی «ع» ، لە گەڕەکی موسکی لە ماڵی خۆیدا؛ پیاوێکی تەمەن ٣٢ ساڵ ، بە ناوی « ب. ب» لە ماڵی خۆیدا؛ پیاوێکی تەمەن ٣٠ ساڵ لەسەر پردی گوندی لەنج ئاوا کە ناوەکەی نەزانراوە؛ پیاوێکی تەمەن ٣٠ ساڵ بەناوی «د.خ» ، لە شارۆچکەی کانی دینارو ژن و پیاوێک کە ناوەکەیان نەزانراوە لە جادەی ئەسراو چەند نموونەیەک لەو حاڵەتە نامۆیانەن کە لە دوو حەوتووی ڕابردوودا لە ناوچەی مەریوان ڕوویان داوە.



**بریتانیا**

## سمینارێکدا بە بۆنەی ٢٦ ساڵەی ئەنفاڵ

نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی لە بریتانیا لە سمینارێکدا کە بە بۆنەی ساڵیادی ئەنفاڵ بەڕێوە چوو بەشداری کرد.

ڕۆژی دووشەمە، ١٨ ی خاکەلێوەو لە بیست‌و شەشەمین ساڵیادی پڕۆسەی ئەنفال‌دا، نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا سمینارێکی بۆ لێکۆڵینەوەو باشتر ناساندنی کارەساتی ئەنفال‌و بە ژێنوساید ناساندنی کۆمەڵکوژی و بێسەرشوێن کردنی ١٨٢ هەزار مرۆڤی بێتاوانی کوردی باشووری کوردستان پێک هێنا.

لەو سمینارەدا نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا، لە پیوەندی لەگەڵ ئەنفال‌و داواکاری کورد و هەڵوێستی ولاتانی زلهێز لەو پیوەندەی‌دا چەند قسەیەکی کرد.

لەو سمینارەدا هیۆ رابێرتسۆن، وەزیر کاروباری ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، پێی لە سەر پەیوەندییە بەردەوامەکانی هەرد دووک حکوومەتی بریتانیا و کوردستان داگرتەوە و خۆشحاڵی خۆی لەو پەیوەندییانە دەربڕی، ئەوە جگە لەوەی کە بۆ جارێکی دیکە پشتیوانی خۆی و حکوومەتەکەی بۆ گەلی کورد و دۆزە ڕەواکەی دووپات کردەوە.

لە بڕگەکانی دیکەی ئەو سمینارەدا دوکتور فایق نێروەیی، باڵوێزی عێراق لە بریتانیا؛ فەلاح مستەفا، وەزیری دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان؛ نەدیم زەهاوی، ئەندامی پارلمانی بریتانیا لە حیزبی پارێزگاران، خاتوو مەگ مێن، ئەندامی پارلمانی بریتانیا لە حیزبی کرێکارو بارۆنێس نیکلسۆن‌و لاوێن ئەتروشی، کاندیدای لیبەرپارتی بۆ ناوچەی ساری قسەیان کرد، ئەوە جگە لەوەی کۆمەڵێکی زۆر لە ئەندام پارلەمان و کەسایەتییە سیاسیەکانی بریتانیا پەیامی پشتگیری خۆیان بۆ ئەو سمینارە ناردبوو.



لەبەشی دووهەمی سمینارکەدا فیلمێکی کورت لەلایەن گوین ڕۆبێرت بەناوی ڕێگایەک بۆ ئەنفال پیشان درا و پاشان چەندین کەس کە لە پاش ئەنفالی بە کۆمەڵ و زیندە بە گۆڕ کردنی کەسوکاریان بە زیندویی دەرچوبوون و ڕزگاریان ببوو، ساتە وەختە تاڵ و پڕ مەترسییەکانی ئەو سەردەمەیان بۆ ئامادەبووان گێڕایەوەو لە کۆتایی بەرنامەکەدا عەتا موفتی پارچە شیعرێکی مامۆستا شێرکۆ بێکەسی پێشکەش کرد و خاتوو سەیدی ویکیام پارچەی شیعرێکی نەزەند بەگیخان بە ئینگلیسی بەناوی بەرگەڵوو پێشکەش کرد.

شایانی باسە بەشێکی بەرچاو لەرەوندی کورد و ئینگلیسی بەشداری ئەم سمینارە بوونو لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە کاک مەولوود سوارە، ئەندامی ڕێبەری حیزب و نوێنەری حیزب لەبریتانیا بەشداری لەو سمینارەدا کرد.

## نوێنەری پارلەمانی سوئێد سەردانی کۆمیتەی «لینشۆپینگ»ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کرد



ڕۆژی شەممە، ٢٣ ی خاکەلێوە جەبار ئەمین، نوێنەری پارلەمانی سوئێد لە سەر لیستی حیزبی ژینگە سەردانی کۆمیتەی «لینشۆپینگ»ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی‌و لە دیدارێکی دۆستانەدا لە سەر پرسی ڕەوەندی کورد لە تاراوگەو ئەرکی کوردانی تاراوگە باسێکی پێشکەش کردو لە سەر هەڵبژاردنەکانی سوئێد بۆ پارلەمانی یەکیەتیی ئورووپا لەگەڵ ئەندامانی حیزب بە وردی دوا.

لەو دیدارەدا ئەندامانی حیزبیش باس‌و خواستەکانی خۆیان لەگەڵ ناوبراو هێنایە گۆڕێ‌و بە ئاماژە کردن بە وەزعیەتی کورد بە گشتی و داواکاری‌یەکانی بەشێک لە پەنابەرانی کوردو بە تایبەت ئەو کەسانەی کە وەزعیەتی پەنابەریان مەترسی لە سەرە دوان‌و، لەسەر هەندێک مەسەلەی پەیوەندیدار بە کێشەو دۆخی کورد ئاڵوگۆڕی بیرورا کرا.

## کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتی بۆ ژنان





بەشی تەشکیلاتی ئاشکرای کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی سیاسی ئەندامانی ژنی نیشتەجێ لە کەمپەکانی حیزب پێک هێنا.


ئەو کۆبوونەوەیە کە ڕۆژی شەممە، ٢٣ی خاکەلێوە لە یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا بەڕێوەچوو، چەند تەوەرو باسی جیاوازی لە خۆ گرتبوو.

لە سەرەتای ئەو کۆبوونەوەیەدا عیسمەت نستانی باسێکی لەسەر چۆنیەتیی پێکهێنانی کۆبوونەوەکە کردو لە بەشی یەکەمی کۆبوونەوەکەدا کە بۆ باس لەسەر ڕۆڵی ژن لە مێژوودا تەرخان کرابوو، لەلایەن زوڵەیخا جەشنییەوە باسێک پێشکێش کرا. زوڵەیخا لە باسەکەیدا خوێندنەوەیەکی بۆ ڕۆڵ‌و پێگەی ژن لە سەردەمی کەونارەوە تا ئێستا و تیشکیان خستە سەر ڕوانینی پیاوان‌و کۆمەڵگەو ڕەفتاری نەشیاویان لەگەڵ ژنان‌و لە ڕووی زانستیشەوە لێکدانەوەی بۆ هێز و جەستەی ژنان هەبوو.

بەشی دووهەمی کۆبوونەوەکە تایبەت بە چۆنیەتیی کارو چالاکیی ژنانی ئەندامی حیزب لە کۆڕوکۆبوونەوەکان‌و هەروەها تیشک خستنەسەر هەڵوێستی حیزب لەسەر هێندێک بابەتی دیاریکراو و ڕوونکردنەوەی سیاسەتەکانی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ چەند پرسێکی ڕۆژ کرابوو. لەو بەشەدا حەسەن خۆشکەلام، ئەندامی ڕاوێژکاری کومیتەی ناوەندیی حیزب‌و بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب لە پێوەندی لەگەڵ تەوەری باسەکەدا بۆ بەشدارانی کۆبوونەوەکە دوا.

شایانی باسە کە لە کۆتایی کۆبوونەوەکەشدا کۆمەڵێک لە بەشداران ڕاو بۆچوونی خۆیان لەسەر باسەکان دەربڕی‌و ڕەخنەو پێشیارەکانیان ئاراستەی بەشی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب کرد کە لەلایەن هەردوو کۆڕگێرەوە باسیان لەسەر کرایەوە.

## نوێنەرایەتییەکانی حیزبی دێموکراتو کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەولێر کۆ بوونەوە



دوو شاندی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەولێر کۆبوونەوە.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی خاکەلێوە شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر پێکهاتوو لە ئیبراهیم زێوەیی‌و حسن کاکیلی، سەردانی پەیوەندییەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانیان لە شاری هەولێر کردو لە لایەن هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی کۆمەڵە بە سەرپەرستیی محمد فرهادزادە پێشوازییان لێ کرا .

لەو دانیشتنەدا چەند بابەتێکی پێوەندیدار بە پرسی کورد، بە تایبەت بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و ئێران‌و سووریە، وەزعی هێزەکانی ڕۆژهەڵات باسیان لەسەر کراو پێداگری لە سەر پێویستیی لێک نێزیک بوونەوەی کۆڕو کۆمەڵە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران کرایەوە .

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی پرسەو سەرەخۆشیی سەعید عەزیزی لە بنکەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان



ڕێورەسمی سەرەخۆشی‌و پرسەی سەعید عەزیزی، برای جوانەمەرگی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو.

لەو ڕێورەسمەدا کە بەیانیی شەممە ٣٠ی خاکەلێوە لە ساڵۆنی بۆنەو ڕێوڕەسمەکانی حیزبدا بەڕێوە چوو، سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب‌و نوێنەرانی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات‌و باشووری کوردستان‌و کەسایەتییە سیاسی‌و مەدەنییەکان بەشدار بوون‌و هەست‌و سۆزو هاوخەمیی خۆیان بە بۆنەی مەرگی ناوەختی سەعید عەزیزی، بە سکرتێری گشتیی حیزب‌و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕاگەیاند.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٨ ی خاکەلێوە سەعید عەزیزی، تەمەن ٣٦ ساڵ‌و خاوەنی ژن‌و منداڵ لە ورمێ بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ گیانی لە دەست دا.

بەپێی ڕاپۆرتی پەیامنێرمان لە پرسەو سەرەخۆشیی سەعید عەزیزی‌دا کە لە مزگەوتی حاجی خدر لە شاری نەغەدە بەڕێوەیە، پۆل پۆل خەڵکی شاری نەغەدەو شارەکانی کوردستان بەشدارن‌و سۆزی خۆیان بۆ ئەو بنەماڵە تێکۆشەرو دڵبریندارە دەردەبڕن.

**سلێمانی**

## ئەندامێکی حیزبی دێموکڕات کۆچی دوایی کرد

ئەندامێکی حیزبی دێموکڕات لە نەخۆشخانەیەکی شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

شەوی شەممە، ٢٣ ی خاکەلێوە کاک عومەر قەسیمی ناسراو بە «عومەر کالی ٥٠» بەهۆی نەخۆشیی کتوپڕ لە تەمەنی ٥٨ ساڵیدا و کۆچی دوایی کرد.

کاک عومەر قەسیمی لە باوەشی بنەماڵەیەکی نیشتماندۆست دا لە دایک ببوو، بە بیری کوردایەتی گۆش کرابوو، هەر بۆیەش لەگەڵ دەسپێکردنەوەی خەباتی گەرموگوڕی حیزبی دێموکڕات‌و سەپاندنی شەڕ بە سەر خەڵکی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامی، کاک عومەر تاوی دایە چەکی بەرگری لە نیشتمان‌و بۆ ماوەی چەند ساڵ لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی بۆکاندا بەشداری کرد.

کاک عومەر قەسیمی دوایە بەهۆی بارودۆخی سەختی ژیانی بنەماڵەی گەڕاوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی، بەڵام وەک ئەندامێکی بەوەجی حیزبەکەی لە تێکۆشان‌و بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی‌دا بەردەوام بوو، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە فشاری ناوەندە ئەمنیەتییەکان لەسەری چڕ بێتەوە و ئەویش بە ناچار بی‌و لە باشووری کوردستان بگیرسێتەوە.



کاک عومەر قەسیمی تا دوایین ساتەکانی ژیانی وەفادار بە ئامانجەکانی حیزبەکەی بوو.

## سنووردار کردنی وەرگرتنی خوێندکارانی کچ لە ڕشتەکانی پزیشکی‌دا

کاربەدەستانی باڵای دەوڵەت دەڵێن لەوە بەدوا وەرگرتنی خوێندکارانی کچ لە ڕشتەکانی پزیشکیدا سنووردار دەکرێ.

ئەمیر موحسێن زیایی، جێگری فێرکاریی وەزیری بێهداشت ڕایگەیاندوە کە وەرگرتنی خوێندکارانی کچ لە ڕشتەکانی پزیشکی بەهۆی زۆر کێشەو گرفت کەم‌و سنووردار دەکرێ. نابراو دەڵێ ڕێژەی بەرزبوونەوەی خوێندکارانی کچ لە زاستە پزیشکییەکان کە زانکۆیان تەواو کردوەو نایانەوێ لە زۆر شوێن کاری پزیشکی بکەن، کێشەیەکی گەورە بۆ وەزارەتی بێهداشت دروست کردوە.

بە وتەی ئەمیر موحسێن زیایی، هێزی پزیشکی عموومی، پسپۆڕ و پەرەستاری پیاو لە ئێران بە ڕێژەی پێویست نیە و بە هۆی کەمبوونی خوێندکارانی دەرچووی پزیشکیی کوڕان، ناردنی هێزی پزیشکی بۆ ناوچە دوور دەستەکان کێشەی لێ‌کەوتۆتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی شەرق و بە پێی ئاماری ڕەسمی لە دوو دەیەی ڕابردوو ڕێژەی وەرگرتنی کچان لە ڕشتەی پزیشکی لە چاو کوڕان زیاتر بووە و لە سەدی ٤٢ بۆ سەدی ٥٨ لە ساڵی ١٣٧٠، بە سەدی ٦٨ ی خوێندکاری کچ لە بەرامبەر سەدی ٣٢ی خوێندکارانی کوڕ لە ساڵی خوێندنی ٩٢ گەیشتووە.

موحسێن زیایی وێڕای ئاماژە بە پێویستیی «هاوسەنگ کردن» ی خوێندکاران لە ڕووی ڕەگەزی لە ڕشتەی پزیشکیدا گوتی، ئەم کارە لە ڕێگەی پۆلێنکردنی ڕەگەزی بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی دەرچووانی خوێندکارانی کوڕ ئەنجام دەدرێ.

ڕۆژنامەی شەرق لە ڕاپۆرتی خۆیدا نوسیویەتی شەپۆلی بەرزبوونەوەی بەشداریی ژنان لە کورسییەکانی زانکۆ بەرزبوونەوەی بەشداربووانیان لە هەلەکانی کارو شوغڵ، کۆمەڵایەتی و ئابووری زیاتری لێ نەکەوتۆتەوە، بە شێوەیەک کە ئەگەرچی لە نێوان سەدی ٥٠ تا سەدی ٦٠ کورسییەکانی زانکۆ هی کچانن، بەڵام تەنیا سەدی ٢٠ی ژنان ئەندامی هەیئەتی زانستین و سەدی ١٣ی ژنان ڕۆڵی چالاکیان لە بازاڕەکانی کاردا هەیە.

شایانی باسە کە سەهمیەدانان بەپێی ڕەگەز لە زانکۆکانی ئێران لە ساڵی ١٣٨٦ و لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی ئەحمەدی نژادەوە دەستی پێکردوە.

خێرایی پەرەسەندنی دیاردەی ئیعتیادی ژنان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوداو بەرزبوونەوەی ژمارەی موعتادانی ژن تا ئاستی دوو بەرامبەر لە کورت ماوەدا لە ئێران، نیگەرانیی زۆری لەلای کارناسانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی دروست کردوە.

زەهرا بونیانیان، ڕاوێژکاری بەڕێوەبەری گشتیی ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ مادە هۆشبەرەکان بۆ کاروباری ژنان و بنەماڵەدا، لەم پێوەندیەوە بە هەواڵدەریی ئیسنای گوتووە کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ژنانی گیرۆدەبوو بە مادەی سڕکەر پەلکێشی ڕەفتارە مەترسیدارە جینسیەکان دەبن‌و، هەر بەم هۆیەوە لە لایەن بنەماڵەکانیانەوە وەلادەنرێن، لە ئەنجامدا زۆربەی ئەم ژنانە چونکی هەست بەوە دەکەن کە بوونەتە قوربانی، بە شوێن ئەوەدا دەگەڕێن کە کەسانی دیکەش تێوە بگلێنن و ئەوانیش بکەن بە قوربانی کە ئەم مەسەلە دەتوانێ کەشێکی مەترسیدار بۆ کۆمەڵگا بخوڵقێنێ.

ناوبراو دەڵێ هۆکارە گرینگەکانی هۆگریی ژنان بە ماددە هۆشبەرەکانی بۆ بۆشاییە عاتفییەکان دەگەڕێتەوەو دەڵێ کاتێک ژنان بەرەوڕووی گرفتە سۆزدارییەکان دەبنەوە، زۆر جار بەهۆی موعتاد بوونی مێردەکانیان لەو داوە دەکەون و پیاوە موعتادەکانیش بۆ وەی بتوانن هاوسەرەکانیان لە لای خۆیان بێڵنەوە، گیرۆدە ئەم مادە کاولکەرانەیان دەکەن، لە لایەکی دیکەوە بە هۆی ئەم هەست و سۆزەی کە ژنان بۆ هاوسەرەکانیان هەیە، ئەگەر پیاوەکان تەرکی ئیعتیاد نەکەن ژنەکانیش درەنگتر بە شوێن وەلانانی ئەم ماددانەدا دەڕۆن، هەر بۆیە ژنان زۆر سەختتر لە پیاوان واز لە ئیعتیاد دێنن.

بە قسەی ناوبراو، ئەم ژنانەی تووشی ماددە سڕکەرەکان هاتوون لەگەڵ جۆرەکانی توندوتیژی جەستەیی و دەروونی ڕووبەڕوو دەبنەوەو لە لایەکی دیکەشەوە مۆرکی خراپ و هەڵاواردن داوێنی ژنانی موعتاد دەگرێتەوە.

ناوبراو فێر کردن لە قوتابخانەکان، لە نێو بنەماڵەکانداو هەر وەها لە شوێنەکانی کارو ڕوونکردنەوە لە بابەت دەرئەنجامە خراپەکانی ماددە سڕکەرو ڕەوانگەردانەکانی بە ڕێگەچارە کاریگەرەکانی بەربەرەکانی کردن لەگەڵ پەرە سەندنی دیاردەی ئیعتیاد لە قەڵەم دا.

**سەرنج بدەن!**

**« کوردستان» هەموو ژمارەیەک هەڵبژاردەیەک لەو ڕاپۆرتو هەواڵانەی لەلایەن ئەندامانو لایەنگرانی حیزب، یان خوێنەرانی ئەم ڕۆژنامەیە بە ڕاگەیەنەکانی حیزب دەکەن لەم لاپەڕەیەدا بڵاو دەکاتەوە. داوا لە خوێنەران دەکەین لەگەڵ ڕاپۆرتو هەواڵەکانیاندا وێنەی پێوەندیدار بە بابەتەکەش بنێرن.**

## دوو سەرباز لە گوندی بێتووش وەسەر مین پەڕین

ڕۆژی شەممە ٢٣ی خاکەلێوە دوو سەرباز لە گوندی بێتووشی ناوچەی سەردەشت کەوتنە سەر مین. یەک لەوان بە هۆی ئەو تەقینەوەیە لاقی لە دەست داوەو سەربازەکەی دیکەش دەستی پەڕیوە. ڕۆژی دووشەممە ٢٥ی خاکەلێوە کاتژمێر ٩ی بەیانی، ئەو دوو سەربازە بریندارە دوو ڕۆژ دوای ڕووداوەکە بە هێلیکۆپتێر لە پاسگای بێتووشەوە ڕەوانەی شاری سنە کران. بە پێی زانیارییەکان ئەو دوو سەربازە لە گەڵ فەرماندەکەیان چووبوونە سەر ڕێی کاسبکارانو کۆڵبەران. پێویستە بگوترێ کە فەرماندەری ئەو پاسگایە بە نیاز بووە ڕووداوەکە لە خەڵک بشارێتەوە بەڵام جگە لەوەی کە کاروانچیان دەنگی تەقینەوەکەیان بیستووە، سەربازانی ئەو پاسگایەش، ڕاستیی ڕووداوەکەیان لای خەڵکی ناوچە درکاندوە.

هەر بۆ ڕیگری لە خەڵک بە تایبەتی کاسبکاران، لە نێوان قەلەڕەشێ و کەپران، دیژبانییان داناوە و هەر شتێکو هەر کەسێک لێی بەگومان بن دایدەبەزێنن و دەی پشکنن.

**سەردەشت، لە تەرخانەوە**

**

## تێداچوونی خۆفرۆشێک لە ڕووداوی هاتوچۆ دا

مۆرەیەکی گرنگی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی سەردەشت بە ناوی خالیدی حەسەنەسووری زەڵێ، کە ماوەیەکی زۆر بوو کاری سیخوڕیی بۆ دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی دەکرد، لە کاتێک دا لە جادەی نێوان سەقز- مەریوان ماشێنی لێدەخوڕێ ، ماشێنەکەی دەکەوێتە ژێر ماشێنێکی گەورە. بە هۆی ئەو ڕووداوە بۆ خۆی دەکوژرێ و ٣ کەسیش کە لە گەڵی دەبن، بە توندی بریندار دەبن. ناوبراو جگە لە کاری جاسووسیو خۆفرۆشی، ماوەی دوو ساڵ بوو کاری بەرهەمهێنانی مادە سڕکەرەکان بە تایبەتیی شیشەی دەکرد. مەرگی ئەو مۆرە بەدکارو بەدناوەی ڕێژیم بووە خۆی خۆشحاڵیی خەڵکی ناوچەی سەردەشت.

**لە: ڕۆژین مەلەکییەوە**

**

### دیسان خۆکوژیی کچانو ژنان

## خۆکوژیی دوو خوشک لە دیولان

ڕۆژی یەکەمی خاکەلێوەی ئەمساڵ، دوو خوشک بە ناوەکانی عەسەل تەمەن ١٨ ساڵ و ئوسرا موحەممەدی تەمەن ٢١ ساڵ، کچی عارف خەڵکی شاری دیولان، بە هۆی کێشەی بنەماڵەییەوە، لە ڕێگای خواردنی حەبەوە دەستیان دایە خۆکوژی. لە ئاکامدا عەسەل لە نەخۆشخانەی تەوحیدی شاری سنە، گیانی لە دەست داو ئوسرا لە نەخۆشخانەلە ژێر چاوەدێریی پزیشکی دایەو لە گەڵ ئاسەوارەکانی ئەم ڕووداوە، دەست و پەنجە نەرم دەکا.

**لە «لەیلاخ»ەوە**

### خۆکوژی بە گوڵلەی تاپڕ

## دلێر لە ناوچەی گەورکی سەقزەوە

سەعات ٢ی پاشنیوەڕۆی شەممە ١٦ی خاکەلێوە، کچێک بە ناوی کەژاڵ کچی ڕەحمان، لە گوندی سیادەرە کە تازە نامزەد کرابوو، بە تفەنگی تاپڕ کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

## ژنێکی دووگیان بە منداڵی ٨مانگەوە خۆی سووتاند

ڕۆژی ١٧ی خاکەلێوە لە گوندی خانکەندیی ناوچەی چۆمی مەجیدخان، ژنێک بە ناوی مەرزییە قارەمانی لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا لە حاڵێک دا دوو گیان بوو و منداڵەکەی ٨ مانگە بوو، خۆی سووتاند. ناوبراو لە کاتێک دا خۆی سووتاندوە کە مێرد و خەسوو و خەزووری لە ماڵ نەبوون و چوون بۆ بۆکان. ئەو ژنە لە کادێن، ئاگری لە خۆی بەردەدا.

**

## تەقەی هێزەکانی ڕێژیم لە کاسبکاران

شەوی ١٨ لە سەر ١٩ی خاکەلێوە، کاسبکارێک بە ناوی سەلاحی مامەی لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە شوێنێک بە ناوی قڕگە لە دەشتی وەزنێ ، تەقەی لێدەکرێو بریندار دەبێ. پێویستە بوترێ کە ناوبراو هیچ بارێکی پێ نەبووە و تەنیا پێشبار بووە.

**جەنگی لە ناوچەی سەردەشتەوە**

**

## کارمەندێکی شارەداری لە بۆکان خۆی هەڵاوەسی

ڕۆژی دووشەممە ١١ی خاکەلێوە لە گەڕەکی «کوی محمدی»، کارمەندێکی شارەداری لە ماڵەکەی خۆی دا، خۆی هەڵاوەسیو کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. هۆی خۆکوشتنی ئەم کارمەندە، هێشتا ڕوون نەبۆتەوە.

**«هیوا چیا» لە بۆکانەوە**

**

## پەنابردن بۆ کۆڵبەری لە بەر نەبوونی کار و داخرانی یەکەکانی بەرهەمهێنان

خۆبواردنی دەوڵەت لە سەرمایەدانانو نەبوونی کارخانەو سیاسەتی هاندەری سەرمایەدانان لە سەقز بووە بە هۆی ئەوە ژمارەیەکی زۆری خەڵک پەنا بەرنە بەر کۆڵبەری. بە پێی لێکۆڵینەوەیەک، تەمەنی کۆڵبەری لە سەقز زۆر دابەزیوەو تەنانەت گەیشتوەتە ١٧ساڵ. بارودۆخی قەیراناویی یەکەکانی بەرهەمهێنان لە سەقز بۆ نموونە یەکەکانی بەرهەمهێنان لە شارۆچکەی پیشەسازیی قاراوە (قهرآباد)، بووە بە هۆی ئەوە کریکاران بێکار بن و ڕوو بکەنە کۆڵبەری.

داخرانی یەکە پیشەسازییەکانی وەک کارخانەی قەند، نوشابەسازی، لوولەی پردی ئێتیلین و هەر وەها کارخانە گەورەکانی وەک کارخانەی دوخانیاتی سەقز، بێکاریی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانو پەنابردنی ئەوان بۆ کۆڵبەریی لێ کەوتۆتەوە.

هەر بۆ خۆم لە سەقز زیاتر لە ١٠ کەس دەناسم کە تەمەنیان لە نێوان ٢٢-١٧ ساڵ دایە کە دەچنە شارەکانی سەردەشت و بانە و مەریوان و لە ڕێگای کۆڵبەرییەوە بژیوی خۆیان بە دەست دێنن. ئەمە لە حاڵێک دایە کە دەوڵەت هیچ هەوڵێک بۆ دامەزراندنی لاوانی سەقز نادا.

**« چاوەڕێ» لە سەقزەوە**

**

## بەڕێوەچوونی چوارەمین فستیڤاڵی فولکلۆری لە شاری پیرانشار لە پیرانشارەوە «کوردۆ» و «شاخەوان»

لە ڕۆژەکانی ٢٨ و ٢٩ی خاکەلێوە لە شاری پیرانشار لە لایەن دوو بنکەی هونەریی «ڕووناک» و «الهه هنر»، چوارەمین فستیڤاڵی فولکلۆری بە بەشداریی هونەرمەندانی هەر چوار پارێزگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ لاوکو حەیران و بەند و گۆرانیی ڕەسەنی کوردی بەڕێوە چوو. لەم فستیڤاڵە دا، وێڕای پێشکێش کرانی بەرهەمی فۆلکلۆریی جۆراوجۆر لە لایەن هونەرمەندانەوە، کۆمەڵێک باس و بابەت لە لایەن شارەزایان و پسپۆرانی بواری فۆلکلۆرەوە پێشکێش کران.

لە پەراوێزی ئەم فستیڤاڵە دا، پێشانگەیەکیش بۆ٤٠ تابلۆ لە تابلۆکانی هونەرمەندی پیرانشاری سەید ئەسعەد عەلیزادە بەڕێوە چوو. ئەم تابلۆیانە وێنەی هونەرمەندانی کوردبوون کە ئەم هونەرمەندە پیرانشارییە کێشابوونیەوە.

**

## کێ لە پشت خنکاندنەکانی شاری مەریوانەوەیە؟

لە ماوەی نزیک بە یەک مانگی ڕابردوو دا، لە شاری مەریوان چەندین نموونەی خۆخنکاندن ڕوویان داوە. بە هۆی ئەم ڕووداوانە تا ئێستا ٩ کەس گیانی خۆیان لە دەست داوە. دوو کەس لە قوربانییەکان نۆدشەیی بوون. دووپیاو و ئافرەتێک کە دەگوترێ خەڵکی کانی دینارنو تەرمەکانیان لە ژێر پردێک لە بەینی گاڕانیو مەریوان دۆزراوەتەوە. یەکێک لە خنکاوەکان، نەناسراو بووە. یەکێکی دیکە لە قوربانییەکان، خەڵکی ئاوایی ڕواری مەریوان بوو. زۆربەی ئەو تەرمانە تەنافی شین لە ملیان دابووەو شیمانەی ئەوە دەکرێ ئەم ڕووداوانە دەستێکی دیاریکراو لە پشتیان بێتو بە پێی بەرنامەیەکی لە پێشدا داڕێژراو بەڕێوە چووبن. لە نێو خەڵک دا دەنگۆی ئەوە هەیە کە گرووپێک بە ناوی سەدەف ئەم تاوانانەی ئەنجام داوە. سەرچاوەکانی ئەم زانیارییانە وای بۆ دەچن کە ئەم گرووپە سەر بە دام و دەزگاکانی ڕێژیم بێتو لە نێوخۆیان دا تووشی کێشەو ناکۆکی هاتبنو وەک تۆڵە ستاندنەوە لە ڕقەبەرانو بەرامبەرەکانیان، بەم جۆرە لە ناویان بردبن. ئەو کەسانەی کوژراون کەسانی ئاسایی ناو کۆمەڵن و پێوەندییەکی ئەوتۆیان لە گەڵ چالاکیی سیاسیی و مەدەنی نییە.

**«سۆران» و هاوڕێیانی لە مەریوانەوە**

---

**درێژەی:**

# ڕۆژهەڵاتی مەدەنیو بەفەرهەنگ

کاتێک لە وڵاتێکی وەک ئێراندا سیستەمی حاکم بۆ پاساو و دەستەبەرکردنی هەرمانی خۆی هەر بەوەندە قەناعەت ناکا کە کۆڵەکەکانی سەرەڕۆیی لە بەستێنی سیاسیو حوکمڕانیدا ڕەگ ئاژن بکا، بەڵکوو بە پەرەپێدانی بەئەنقەستی هۆکارەکانی توندوتیژیی کۆمەڵایەتیو نەهادینەکردنو کارپێکردنی سیستەمی هەزار ساڵ بەسەرچووی عەداڵەتی خسووسی (قیساس) لێدەبڕێ هەتا هاووڵاتیانیش ڕێک لەشێوەی خۆی بار بێنێو دژەمرۆڤیان لێدروست بکا، ماف پێشێلکراوانی ژیرو دووربین لە خەباتو هەوڵدانی خۆیان بۆ وەدەستهێنانو هێنانەوە جێی مافە زەوتکراوەکانیاندا بە خۆیان دەڵێنەوە کە «جیاوازیی ئێمەو ئەوان ڕاست لەوەدایە کە ئێمە وەک ئەوان ناکەین»و سەرەنجام باشترین وڵام بۆ بەربەرییەت هەر مەدەنییەتەو کاریگەرترین چەکیش بەدژی توندوتیژی، شەفەقەت.

حاشای لێناکرێ کە سەرەڕای دەسکەوتەکانی دەسەڵات بۆ «وەک خۆ لێ کردنی کۆمەڵگا»، کۆمەڵگای ئێران بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگا هاوشێوەکانی خۆی تا ئێستاش خەمیرمایەکانی کۆمەڵگایەکی سالمو وشیارو پێشکەوتنخوازی لە ناخی خۆیدا پاراستووە. بەڵام ئەوەی شیاوی تێڕامانو بەرجەستە کردنەوەیە خیسڵەتە زاتیو پۆتانسیەلە نوێیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەپێوەندی لەگەڵ شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەو مامەڵە لەگەڵ ڕێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامیدایە کە وەک ئاکامێکی سیاسەتی هەڵاواردنی دەوڵەتی، لە بەستێنی سیاسیو مێدیایی نەیارانی دەوڵەتیشدا پشت گوێ خراوەو بە ڕووماڵ نەکراویو نەناسراوی ماوەتەوە.

سەرەڕای دەستڕانەگەیشتنی وەک پێویستو بەوەختی کۆمەڵگای کوردەواری بە سەرچاوەکانی کرانەوەو گەشەسەندن، بە زۆر هۆکاری سیاسیو خەڵک ناسیو ئانترۆپۆلۆژی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە بنەڕەت ڕا کۆمەڵگایەکی کراوەو بەدوور لە دەمارگرژیو کۆنەپەرستی بەتایبەتی لەبواری پێکەوە ژیانو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بووە. لە سەردەمی مۆدێرنو لە بەستێنی سیاسیشدا، ئەو کۆمەڵگایە هەمیشە بە هەڵوێست پێشەنگو بە ڕەفتار نموونەیی بووە. شتێک کە لێرەدا بەتایبەتی شیاوی ئاماژەو مایەی دڵگەرمییە ئەوەیە کە ئەگەر هەتا دوێنێ ئەم خیسڵەتە لە سیاسەتکردنی سەردەمییانەو ئاشتیخوازیو پاراستنی بایەخە مرۆڤیو شارستانییەکانو خۆبواردن لە مێتۆدە تیرۆریستیو نائینسانییەکان لە بەستێنی خەباتی چەکداریو شۆڕشگێڕیدا خۆی دەنواند، ئەمڕۆ ئەوا سەرجەم کۆمەڵگایە کە لەگەڵ هەموو کۆتو بەندو بەربەستەکانی سەر ڕێگای، دەیەوێ نەک هەر خیسڵەتی پێشکەوتنخوازانەی خۆی بە حاکمییەتی سەرەڕۆ نیشان بدا، بەڵکوو ئەو پەیامەش بە بەستێنی شۆڕشگێڕی بدا کە کاریگەریو سەرکەوتنی خەبات لە وەبەرهێنانی تەنیا بوار و بەستێنێکدا نیە، بەڵکوو لە ئەکتیڤ کردنو پێکەوە گرێدانەوەی سەرجەم بوار و بەستێنەکان دایە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرچڵو نموونە جوانەکانی بوارو بەستێنە نانەریتیو کەمتر باسکراوەکانی خەباتی سیاسیو جووڵەی مەدەنی کەمی نیە. ژنانو پیاوانو لاوانی نیشتمانپەروەری ڕۆژهەڵات ئەمڕۆ هەر بەوەندە قەناعەت ناکەن کە سەرەڕای هەموو قەدەغەییەکان تەنیا تەعبیر لە وشیاریی پاراوی نەتەوەییان بکەن یا دەست بدەنە چالاکیی ئەدەبیو فەرهەنگی، بەڵکوو دەیانەوێ خەم لە پاراستنی سروشتو شوێنەوارەکانو زیندوو ڕاگرتنی کەلەپوورو نوێکردنەوەی بەهاکانی هاوپێوەندیو بیناتنانی پردە نافەرمییەکان لەگەڵ جیهانی دەرەوەش بخۆن. ئەگەر تەنیا یەک ساڵی ڕابردووی جموجۆڵە مەدەنیو شارستانییەکانی ڕۆژهەڵات چاو لێبکەین، بە هەموو ئەو کەسانەوە کە بە سووچی داکۆکی لە مافو کەرامەتی هاوزمانەکانیان ڕەوانەی بەندیخانە کران، بە هەموو ئەو دەرو دەشتو چیایانەی بە هەنگاوی ژینگەپارێزان رووپێو کرانو پاک کرانەوە، بە هەموو ئەو سەرانەی لە هاوپێوەندی لەگەڵ «ماهان»دا تاشران، بە هەموو ئەو تاپڕانەوە کە شکێندران، بە هەموو ئەو قەفەسانەوە کە سووتێندرانو بە هەموو ئەو ژنانەوە کە بە ئازایەتیی خۆیان پێیان خستە نێو بەستێنی گشتیو بەشداریی محەللی، دەبینین کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندە بە کەسانی بەئەزموونو بەمشوورو ڕووناکبیرانی خوێندەوارو بەوزە تەنراوەو چەندە پڕە لە بیری جوانو خەیاڵی بەرز کە ئەگەر پۆتانسیەلەکەی بە ئاقاری گونجاوی خۆیدا دەکار بخرێ، دەتوانێ ببێتە سەرمەشق نەک هەر لە ئێراندا بەڵکوو لە سەرجەم کوردستانو ناوچەشدا، و نەک تەنیا بۆ سەرخستنی خەباتی ئازادیخوازانە، بەڵکوو بۆ داڕشتنی بنیاتەکانی کۆمەڵگایەکی سالمو زیندووی دوارۆژیش.

سەرنجڕاکێشە کە وەبیر خۆمانی بێنینەوە کە ساڵێک لەمەوبەر ڕاست لەو سەروبەندەدا ئەوە لە کوردستانو لە سەقز بووکە «ئەولیای دەمم»ی قوربانییەکان لە دوو مەحکووم بە ئێعدام خۆش بوونو نەیانهێشت تیئاتری سەر شەقامی کۆماری ئیسلامی بۆ پەرەپێدانی واقیعی وەحشیگەری بەڕێوە بچێ، ئەگەرچی ئەو کاتە بەقەدەر لێخۆشبوونی دایکە کوڕکوژراوەکەی ئەمساڵ باس نەکرا..

هەمووی ئەمانە بە مانای نەبوونی نموونە پێچەوانەکانو سڕانەوەی دیاردەگەلی دزێوی سیاسیو کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیە، بەتایبەت کە کۆماری ئیسلامی ساڵانی ساڵە هەوڵو هیممەتێکی زۆری لەم پێناوەدا دەکار خستووە. بەڵام ئەوەی دەبێ ئێستا یادداشت بکرێو ئاکامگیریی بەکردەوەی لێبکرێ ئەوەیە کە لەژێر پێستی ڕۆژهەڵاتی نیشتمان جووڵەی دەمارێک هەتا دێ زیاتر هەست پێدەکرێ، دەمارێک کە دەیەوێ خوێنی کامڵبوونو پێشکەوتن لە لەشی کۆمەڵگادا بگێڕێو خیسڵەتێکی فرە ئاستو فرە وڵام بە پرۆژەی سیاسی ببەخشێ. ئەو خیسڵەتەی کۆمەڵگای مەدەنی کە «ئالێکسی دو تۆکڤیل» لەپێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگای ئەمریکایی سەردەمی خۆیدا ئەوەندە ئاشقی ببوو و بە بنەمای سەرخانێکی سیاسیی سەرکەوتووی دادەنا.

**ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرچڵو نموونە جوانەکانی بوارو بەستێنە نانەریتیو کەمتر باسکراوەکانی خەباتی سیاسیو جووڵەی مەدەنی کەمی نیە. ژنانو پیاوانو لاوانی نیشتمانپەروەری ڕۆژهەڵات ئەمڕۆ هەر بەوەندە قەناعەت ناکەن کە سەرەڕای هەموو قەدەغەییەکان تەنیا تەعبیر لە وشیاریی پاراوی نەتەوەییان بکەن یا دەست بدەنە چالاکیی ئەدەبیو فەرهەنگی، بەڵکوو دەیانەوێ خەم لە پاراستنی سروشتو شوێنەوارەکانو زیندوو ڕاگرتنی کەلەپوورو نوێکردنەوەی بەهاکانی هاوپێوەندیو بیناتنانی پردە نافەرمییەکان لەگەڵ جیهانی دەرەوەش بخۆن.**

# گەڵاڵە بۆ یەکبوونەوەی حیزبی دێموکڕات

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**کۆمەڵانی خەباتگێڕی خەڵکی کوردستان!**

**وەک هەموو لایەک ئاگادارن بەخۆشی‌یەوە بۆ دوو ساڵ دەچێ کە پێوەندیی نێوان دوولایەنی حیزبی دێموکڕات پاش چەند ساڵ لە دابڕانی ئەم دوو بەشە کەوتۆتە قۆناغێکی نوێوە کە هەموو دڵسۆزانی کورد بەخۆشی‌یەوە پێشوازی‌یان لێ‌کردوەو بەچاوی هیواوە لێیان ڕوانیوە. ئێمە لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا هەر لەسەرەتای دەست‌پێکردنی قۆناغی تازەی پێوەندی‌یەکانەوە لە هەوڵی ئەوەدا بووین کە وتووێژێکی وردو جیددی بۆ وەسەریەک‌خستنەوەی دوو لایەنی حیزبەکەمان دەست پێ‌بکەین کە بناغەیەکی پتەو بۆ پێوەندی‌یە نێوڕێکخراوەیی (درونتشکیلاتی)یەکان دابنێ‌و یەک‌بوونەوەو یەک‌مانەوەی حیزبی دێموکڕات مسۆگەر بکا. بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا نەگەیشتووینە ئەو ئاکامە دڵخوازە.**

**چەند مانگ لەمەوبەر دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان گەڵاڵەیەکی بۆ وتوویژ لەسەر چۆنیەتیی یەک‌خستنەوەی ڕیزەکانی حیزب پێشکەش بە لایەنەکەی دیکەی دێموکڕات کردو داوای کرد کە یان ئەو گەڵاڵەیە بکرێتە بناخەی وتوویژ بۆ چارەسەری مەسەلەکە، یان ئەوانیش گەڵاڵەی خۆیان ئامادە بکەن‌و بیدەن بە ئێمە تا بە لەبەرچاوگرتنی هەردووکیان سیغەیەکی جێگای پەسندی هەردوولا بدۆزینەوە. بەداخەوە لەبەر هەر هۆیەک بووە چەند مانگ چاوەڕوانیی ئێمە بێ‌ئاکام بووەو تائێستا وەڵامێکی هیوابەخشمان لەو هاورێیانەوە پێ‌نەگەیشتوە. بۆیە ، لێرەدا دەقی ئەو گەڵاڵەیە دەخەینە بەرچاوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. بەو ئاواتە کە ئاگاداربوونی ڕای گشتی لە بۆچوونەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ یەک‌بوونەوەی دێموکڕاتەکان‌و داوای دڵسۆزانەی هەمووان بۆ بەرەوپێش‌بردنی پرۆسەی یەک‌بوونەوە پاڵنەرێک بێ بۆ ئەوەی لایەنی بەرامبەر بە جیددییەتێکی زیاترەوە بێتە نێو پرۆسەکەو ئەم ڕەوتە زووتر بە ئاکامی دڵخواز بگا.**

**ئەوەش دەقی گەڵاڵەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکڕات:**

### گەڵاڵە بۆ یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات

**پێشەکی**

بە دوای لێکترازانی ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات، ئەگەر چی هەر دوو لای ئەو حیزبە(حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران) درێژەیان بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان داوە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا، ڕابردووی دیموکڕات و خۆشەویستی و پێگەی حیزبی دیموکرات لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا، وای کردوە کە ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دیموکرات و زۆربەی خەڵکی کوردستان، یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان بە گرنگترین داوا و پرسی خۆیان بزانن، داوایەک کە لە نیو ئەندامان و ڕیزەکانی هەر دوولادا ڕەنگی داوەتەوە و کەوتۆتە قۆناغی بەدواداچوون و دۆزینەوەی ڕێگاچارە.

لە ژێر ڕووناکایی ئەم ڕاستییەدا، بۆ ئەوەی هەر دوو لای دیموکرات بە یەکەوە بتوانن حیزبی دیموکراتێکی بە هێز و یەکگرتوو، بۆ وڵامدانەوە بە چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵانی خەڵک و جێبەجێکردنی ڕەسالەتە مێژوویەکەی ئامادە بکەن،حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەم گەڵاڵەیە بە مەبەستی وەسەریەکخستنەوەی دیموکراتەکان پێشنیار دەکا:

**ئامانجی گەڵالەکە:**

– یەکگرتنەوەی هەنگاوبەهەنگاوی حیزبی دیموکرات لە پرۆسەیەکی زەمانیی دیاریکراودا
(لە ڕێککەوتن لە سەر گەڵالەی یەکگرتنەوە تا پێکهێنانی کۆنگرەی ١٦).

– دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی حیزبی دیموکرات دا کە وەڵامدەر و دەستەبەری یەکڕیزی و پێکەوە بوون و خەبات و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی بێت و بەر بە دووپاتبوونەوەی ئەزموونە ناخۆشەکانی لێکدابڕانەکانی ڕابردوو بگرێت.

**چەند پرەنسیبی بناغەیی بۆ یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات:**

ئەلف – حیزبی دیموکڕات دوای وەدەستهێنانەوەی یەکیەتیی خۆی و لە کۆنگرەی داهاتوو(کۆنگرەی ١٦) دا، ڕێوشوێن بۆ چۆنیەتیی بەکاربردنی ئەو دەستەواژانە پەسند دەکا کە بە ناو و ناسنامەی حیزبی دیموکڕات دەژمێردرێن.

ب – سەرجەم ئەسناد و ئارشیوی هەموو ئورگانەکانی حیزب لە هەر دوولا، ئیمکاناتی تەداروکاتی و خەدەماتی، کەلوپەلی ئورگانەکان، چەک و تەقەمەنی، ئیمکاناتی ڕاگەیاندن(رادیۆ و تیڤی، ڕۆژنامە و سایت، سەرچاوەی داهات و دارایی نەقدی و سەرمایەو کەلوپەل و ئەملاکی حیزبیی هەر دوولا بە ڕوونی لیستیان دەگیرێ و دەبنە ملکی حیزبی دیموکراتی یەکگرتوو).

ج – لە ماوەی نزیک بە حەوت ساڵی ڕابردوودا هەر بڕیارێک لە هەر لایەک درابێ کە بەرهەمی حاڵەتی نائاسایی نێوان دیموکراتەکان بووبێ، هەڵدەوەشێندرێتەوە و بەتاڵ دەکرێ و لە ئیعتبار دەکەوێ.

د – چ لە باری سیاسی و پێوەندی و دیپلۆماسی و هەڵوێست و ڕوانگەی حیزبەوە، چ لە باری تەشکیلات و نەزم و ئینزباتەوە، ئایین نامە و هەموو شتە هاوبەشەکان یەکسان دەکرێن و و دەبن بە خەت و ڕێبازو بڕیاری حیزبی یەکگرتوو. بەڵام ئەگەر لە یەکێک لە بوارەکانی سیاسی، تەشکیلاتی و مودیرییەتی، ئیداری و هتد دا جیاوازییەک بەرچاو کەوت، هەوڵ دەدرێ پێش بەستنی کۆنگرە خوێندنەوەی هاوبەشیان بۆ بدۆزرێتەوە، ئەگینا لە کۆنگرە دا بڕیاڕیان لە سەر دەدرێ.

و – پاش هەڵگیرانی هەموو هەنگاوەکانی وەسەریەککەوتنەوەی حیزبی دیموکرات، بۆ ئەوەی یەکڕێزییەکی پتەو و واقیعی لە نێو حیزب دا بێتە ئاراوە و هەر دوولا بەتەواوی پێی پابەند بن، بە بڕیارێکی تایبەت، کۆنگرەی ١٦ مێژووی ئەو چەند ساڵەی هەر دوو بەشی دیموکرات بە مێژووی حیزب بەگشتی دەناسرێ.

**قۆناغەکانی یەکگرتنەوە(میکانیزم و هەنگاوەکان):**

**قۆناغی یەکەم (قۆناغی دەسپێک):**

وەک دەسپێکی پرۆسەی یەکگرتنەوە،کۆمیتەی ناوەندیی هەر دوو لا:

١– پرەنسیپە بناغەییەکانی یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات و بەرنامە بۆ جێبەجێکردنی، پەسەند دەکەن،

٢– هەیئەتەکانی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی پرۆسەی یەکگرتنەوە ڕادەسپێرن.

٣– بە هەماهەنگی لە گەڵ یەکتر، لە سەر زەمانی گرتنی کۆنگرەی ١٦، وەک دوا هەنگاوی پرۆسەی یەکگرتنەوە، ساغ دەبنەوە.

**قۆناغی دووهەم(ئامادەکاری بۆ کۆنگرە)**
**هەیئەتە دیاریکراوەکان:**

١– جەدوەلێک بۆ زەمینەسازیی خستنەوەسەریەکی ئۆرگانەکان و بەشە هاوشێوەکانی هەردوو لا ئامادە دەکەن. لەم پێوەندییەش دا:

– لیستی پێرسۆنیل (کادر و پێشمەرگە)، ئاماری ئەندامانی ئاشکرا(لە کوردستان و دەرەوەی وڵات) لیستی دارایی و ئیمکاناتی ئۆرگان و بەشە هاوشێوەکانی هەر دوو لا و ئاییننامەکانیان، لەگەڵ یەکتر ئاڵوگۆڕ دەکەن.

– کۆڕو کۆبوونەوە و سمیناری هاوبەش بە مەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموونەکان و دروستبوونی دید و تێگەیشتنی هاوبەش لە بارەی کار و ئەرکی داهاتوو، لە نیوان ئۆرگان و بەشە هاوشێوەکان پێک دەهێنن.

– ڕێوشوێنی پێشنیاری بۆ سازماندانەوەی هێزی کارو شوێنی نیشتەجێ بوونی هەر ئۆرگان و بەشێک و هەماهەنگی لە نیوانیان دا، گەڵاڵە دەکەن.

– بە گوێرەی زەوابیت و پێوانەی وەکیەک، پلە و پایە و مەوقعییەتی تەشکیلاتیی هەر کادر و پێشمەرگە و ئەندامێک (لە هەر لایەک لەم دوو لایەنە بێت)،لە لای خۆیان سەبت و جێگیر دەکەن.

٢– کۆمیتەیەکی هاوبەش بۆ ئامادە کردنی کۆنگرەی ١٦ پێشنیار دەکەن . ئەرکی کۆمیتەکە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانە دەبێ:

– گەڵالەی بەرنامە و پێڕەوی نیوخۆی حیزب بۆ پەسندکردن لە کۆنگرەی داهاتوودا ئامادە دەکا.

– بەرنامە و میکانیزمی بەستنی کۆنفرانسەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵات و پێکهێنانی کۆنگرە پێشنیار دەکا.

– لیستی ئەندامانی تەشکیلاتیی هەر دوولا، لە کاتی دیاریکراودا دا وەردەگرێ.

– شێوە و میکانیزمی گونجاو بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆنگرە دا، دەدۆزێتەوە.

– ئەو بەڵگەنامانەی دەبێ لە کۆنگرە دا باسیان لە سەر بکرێ و پەسند بکرێن،گەڵاڵە دەکا.

٤– ڕێوشوێنە پێشنیارییەکان و ئەو قەرار و بڕیارانەی دوو هەیئەتەکە لەسەری ساغ دەبنەوە، بە پەسەندی ڕێبەریی هەر دوو لایەنی، دەگەیەنن.

**تێبینیی١:**

کۆنگرەی ١٦ بە پێی پێڕەوی نیوخۆ لە ئەندامانی ڕێبەریی هەر دوو لای دیموکڕات (هەڵبژێردراوانی کۆنگرە و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی) و ڕێژەیەک لە نوێنەرانی کادرەکان، پێشمەرگەکان و ئەندامان کە ئەو دوو ڕێبەرییە لە سەری ساغ دەبنەوە، پێک دێت.

**تێبینیی٢:**

بە ئامانجی پێکهاتنی زۆرترین هاوفکری و هەماهەنگی لە بارەی کاروباری پێوەندیدار بە کۆنفرانسەکان، بەر لە دەستپێکردنی کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرە،کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەریی هەر دوو لا و هەیئەتە دیاریکراوەکان و کۆمیتەی ئامادەکردن پێک دێت.

**قۆناغی سێهەم(قۆناغی کۆتایی)**

دوای تەواوبوونی کۆنفرانسەکان، هەر دوو کۆمیتەی ناوەندی+ هەیئەتە دیاریکراوەکان و کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە) لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش دا:

١– گوێ لە راپۆرتی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە دەگرن و هەڵی دەسەنگێنن.

٢– ڕاپۆرتی سیاسیی ئامادەکراو بۆکۆنگرە تاو وتوێ دەکەن و پەسەندی دەکەن.

٣– لە سەر بەڵگەنامە پێشنیارییە ئامادەکراوەکان کە دەبێ کۆنگرە دەنگیان پێ بدا، بڕیار دەدەن.

٤– شێواز و میکانیزمی هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی لەکۆنگرەی ١٦ دا پەسەند دەکەن.

٥– کۆنگرەی ١٦، کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان دەبێ و ڕەسمییەت بە یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزبی دیموکڕات دەدا.

**تێبینی٣:**

ئەو حاڵەتانەی لەوانەیە لە نێوان دوو لایەن دا جێی باس و مناقشە و ناکۆکی بن و لەم گەڵاڵەیە دا نەهاتوون، بە پێی گرنگییان، لە ئاستی هەیئەتەکان یا دەفتەری سیاسیی هەر دوو لا دا، بڕیاریان لە سەر دەدرێ.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**

**لە ژێر ڕووناکایی ئەم ڕاستییەدا، بۆ ئەوەی هەر دوو لای دیموکرات بە یەکەوە بتوانن حیزبی دیموکراتێکی بە هێز و یەکگرتوو، بۆ وڵامدانەوە بە چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵانی خەڵک و جێبەجێکردنی ڕەسالەتە مێژووییەکەی ئامادە بکەن،حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەم گەڵاڵەیە بە مەبەستی وەسەریەکخستنەوەی دیموکراتەکان پێشنیار دەکا:**

# خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە غەیابی شێوەکانی دیکەی خەباتدا



**قادر وریا**

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوو سێ مانگی ڕابردوودا، شایەدی چەندین حەرەکەتی مەدەنی لە شارو ناوچە جۆربەجۆرەکان بوو کە جێگای سەرنج بوون. ئەم وتارە هەوڵ دەدا هەڵوێستەیەک لە سەر چەند لایەنێکی ئەم چالاکییانە بکا.



### نموونە درەوشاوەکانی حەرەکەتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای ئەو خەباتو بەرەنگارییە توندوتیژانەی کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا بە سەر خەڵکو بە تایبەتی ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو بەشەی ئێرانی داسەپاندوە، خاوەنی ئەزموونێکی تایبەت بە خۆی لە تێکۆشانو خەباتی مەدەنی دایە. ئەگەرچی ئەو ئەزموونە ئەوەندە فرەڕەهەندو دەوڵەمەند نییە، بەڵام جێگای سەرنجە. هەر لەم چەند ساڵەی دوایی‌دا، چەندین حەرەکەتی گرنگی مەدەنیمان بینی. مانگرتنە گشتییەکەی ٢٣ی بانەمەڕی ١٣٨٩، ڕێوڕەسمە نەورۆزییە پڕشکۆکانی ئەم ساڵانەی دوایی، مانگرتنەکانی تایبەت بە ساڵڤەگەڕی تیرۆری د.قاسملوو، نارەزایەتیدەربڕینی مەدەنیانە بەرامبەر سووکایەتیی کاربەدەستان بە ژنان، هەوڵە بەنرخەکانی ژینگەپارێزانی کوردستان، تێکۆشانێکی بەرین لە ڕووبەرێکی فرەواندا بە مەبەستی فێرکردنی خوێندنەوەو نووسینی کوردی، بەدەنگەوەهاتنی قوربانیانی کارەساتەکەی شیناوێ، بەڕێوەبردنی بوێرانەو ڕاشکاوانەی ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بە ٨ی مارسو ڕۆژی جیهانیی کرێکاران، کۆمەڵێک لەو نموونە درەوشاوانەن.

لە ڕەشەمەی ڕابردوو و مانگی خاکەلێوەی ئەمساڵدا، شایەدی دەورێکی نوێ لە چالاکییە مەدەنییەکان بووین. پێکهاتنی کۆڕو کۆبوونەوەی فەرهەنگیو نەتەوەیی لە لایەن خوێندکارانی کوردەوە لە نێو زانکۆکانی ئێران، بەڕێوەچوونی کۆمەڵێک کاری سەمبولیک کە هەڵگری پەیامی ژینگەپارێزانە بوون، وەک بەرهەڵدانی کەوی ڕاو و شکاندنی تاپڕو سووتاندنی ڕکە (قەفەس)ی باڵندە ڕاوییەکان، لەو زنجیرە چالاکییانە بوون. وەستانەوە بەرامبەرکۆسپو بەربەستەکانی یەک دوو ساڵی ڕابردووی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ پێشگیری لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانو بەڕێوەبردنی مراسمی نەورۆزی بە گیانێکی نەتەوەییو جەماوەریو پێشکەوتنخوازانە، پێشاندەری جۆرێک بووژانەوەو گەشانەوەی ئیرادەی تێکۆشانو چالاکیی مەدەنی لەمساڵدا بوون.

### بوارو هۆکارە درێژخایەنو کورتخایەنەکانی چالاکییەکان

ئەوە کە کوردستان دەیان ساڵە مەیدانی خەباتو بەربەرەکانیی ئازادیخوازانو تێکۆشەران لە گەڵ دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرەو لە سۆنگەی بەردەوامیی ئەو خەباتەوە ئاستێکی بەرزی وشیاریی سیاسیو گشتی لە کوردستان دروست بووە، دەکرێ وەک زەمینەیەکی بە هێز بۆ لەمەیداندابوونو لەسەرخەتبوونی خەڵکو بە تایبەتی توێژە پێشەنگەکان بۆ خەباتی مەدەنی سەیری بکەین. ڕاستە ڕێگرو کۆسپی جۆراوجۆر لە بەردەم پەنابردنی خەڵک بۆ خەباتی هێمنانەو مەدەنی هەن، بەڵام گیانی کۆڵنەدانو دەستهەڵگرنەبوون لە مافو ئازادییەکان، لە نێو خەڵکدا بەبەردەوامی حوزووری هەیە. هەر بۆیەش هەر کە کەمترین دەرفەت دێتە پێش، ئەو خەڵکە دەرفەتەکان دەقۆزنەوەو بە چالاکیو حەرەکەتی مەدەنی، تا ڕادەیەک قەرەبووی سستیو نوشوستیی شێوەکانی دیکەی خەبات دەکەنەوە.

ئەم ڕاستییەی ئاماژەی پێکرا دەتوانین وەک زەمینەیەکی «بالقوە» لە کوردستان بۆ خەباتی مەدەنی سەیر بکەین. بەڵام هەرچی زەمینەی «بالفعل»ی ئەم جۆرە تێکۆشانەیە، لەژێر کاریگەریی هەلومەرجو ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ڕۆژانەی ئێران دایە. تەقینەوەی ململانێی نێوان قۆڵەکانی دەسەڵاتو پێشڕەویو پاشەکشەی بزووتنەوە سیاسیو کۆمەڵایەتییە سەرانسەرییەکان، کاریگەریی بەرچاویان لە سەر بووژانەوە یا نیشتنەوەی حەرەکەتە مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. هەڵبژاردنە سەرانسەرییەکانی ئێران زۆربەی جاران، قۆڵەکانی دەسەڵاتیان بەرامبەر یەکتر ڕاگرتووەو لە سۆنگەی ململانێی ئەوانەوە، کەم تا زۆر دەرفەتێک بۆ هەناسەدانی بەشدارانو ئەکتەرانی خەباتو تێکۆشانی مەدەنی ڕەخساوە. ساڵی ١٣٩٢ هەڵبژاردنی سەرکۆماریو شووراکانی شاروێ لە ئێراندا بەڕێوە چوون. ئەم هەڵبژاردنانە لە گەڵ هەموو بەربەستێکدا کە لە سەرڕێیانە، بەڵام دەرفەتخوڵقێنو فەزاسازن. بە تایبەتی کە باڵەکانی نێودەسەڵات بە ئامانجی سەرکەوتن بە سەریەکتردا لەم هەڵبژاردنانە، دەکەونە نەقدکردنەوەو تاوانبارکردنی یەکترو هەوڵی وەدەستهێنانی دەنگی گرووپو تەیفەجۆراوجۆرەکانی دەنگدەران دەدەن. لێرەدا بوو کە چالاکانی سیاسیو فەرهەنگیو مەدەنی لە کوردستان، مەرجدارانەو بە چاوەڕوانیو داخوازی خۆیانەوە، هاتنە مەیدان. ئاوڕدانەوە لەو چاوەڕوانیو داخوازانە لە لایەن بەربژێران بە بە تایبەتی بەربژێری ئەسلییەوە، ئەگەرچی بە شێوەیەکی زۆر بەرتەسکو تەنیا لە حەددی بەڵێنو دروشمی کاتی هەڵبژاردنیش دابووبێ، هاندەری زیاتر هاتنەپێشی خەڵکو بە هێزبوونی بڕوابەخۆبوونیان بۆ خستنە ڕووی داواکانیان بە شێوەیەکی هێمنانەیە. لە دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنو دەستبەکاربوونی ڕۆحانی وەک سەرکۆمار، بەدواداچوون لە لایەن خەڵکەوە بۆ ئەوەی دروشمو بەڵێنەکانی پیوەندیدار بە خۆیان لە لایەن ناوبراوەوە، پشتگوێ نەخرێو دەنگی بە خۆڕاییان لێوەرنەگیرابێ، هۆیەک بووە بۆ زیندوێتیی فەزای سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.



**لە هەلومەرجێکدا کە شێوە خەباتێکی جیددی بۆ تەنگهەڵچنین بە کۆماری ئیسلامی لە لایەن حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە لە گۆڕێدا نییە، وەڕێخستنو بە هێزکردنی خەباتی مەدەنی لە نیوخۆی وڵاتدا دەتوانێ، قەرەبووی دیارنەبوونو لەمەیدان دوورکەوتنەوەی شێوە خەباتەکانی دیکە بکاتەوەو کۆمەڵ لە سستیوبێدەنگی دەرباز بکا.**



### چۆن دەتوانین پشتیوانو یارمەتیدەری ئەو چالاکیانە بین؟

لەو باسە دەگەڕێم کە ئەو حەرەکەتو چالاکییە مەدەنیانەی ئەمڕۆ لە کوردستان هەن، دەکرێ بە بزووتنەوەی مەدەنی پێناسەیان بکەین یا چالاکیی مەدەنیی جیاجیای بێپیوەندی لە گەڵ یەکترن؟ ئەم حەرەکەتانە دەکرێ پەرە بستێننو هەم لە ڕووی جۆراوجۆریی داخوازەکانیانو بەشداریی چینو توێژەکانی خەڵک، هەم لە ڕووی جوگرافیاو شوێنی بەڕێوەچوونیان دەوڵەمەندو بەرین ببنەوە. ئەم حەرەکەتانە لە ڕەوتی پەرەگرتنو بەرەوپێشچوونیان دادەتوانن ببنە هەوێنی بزووتنەوەیەکی مەدەنیی گەورە، بەو مەرجەی لە ناوەوەو لە دەرەوە ڕا، هەوڵی لە نێوبردنی لاوازییەکانیانو لابردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگایان بدەین.

چالاکییە مەدەنییەکانو بەشدارانی ئەو حەرەکەتانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەکەوە بەردەوام لە گەڵ گوشارو هەڕەشەی سەرکوت بەرەوڕوون. ئەمە بەردەوام قوربانیان لێ‌دەستێنێو هەر جارەی کۆمەڵێک لە ڕێکخەرانو ئەکتەرانی ڕیزی پێشەوەیان تووشی زیندانو دەستبەسەریو حوکمی نارەوا دەکا. لە لایەکی دیکە بە هۆی بوونی دیکتاتۆریوسەرکوت لە وڵاتداو بێبەشبوون لە مافی پێکهێنانی کۆمەڵەو ڕێکخراوەی تایبەت، تواناو ئیمکانێکی کەمیان بۆ هێنانەمەیدانی پشتیوانانو لایەنگرانی خۆیان هەیە. جگە لەمەش نە بۆ خۆیان خاوەنی ڕاگەیەنی ئەوتۆن کە دەنگیان بە هاسانی بە کۆمەڵ بگاو نە لە وڵاتەکەیان ڕاگەیەنی ئازادی ئەوتۆ هەیە کە دەنگی ئەوان بە گوێی بەردەنگەکانیانو بیروڕای گشتی بگەیەنێ.

ئەم کێشەو گرفتانەی سەرەوە لە گەڵ کەمیو لاوازیی ئەزموونی خەباتی مەدەنی لە ئێران بە گشتیو لە کوردستان بە تایبەتی دەستەملانیی یەکتر بوون. بەڵام ئەمە هەمووی کێشەکە نییە. مەودای زۆری نیوان بەشدارانی ئەم جۆرە چالاکییانەو حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گرفتو کێشەی هەرە گرنگە. خوێندنەوەی زۆربەی ئەو حیزبو ڕێکخراوانە لەم جۆرە چالاکییانە، هاندانو دڵگەرمیەکی ئەوتۆی بۆ ڕێکخەرانو بەشدارانی حەرەکەتە مەدەنییەکان تێدا نییە. ئەو داخوازانەی لە چوارچێوەی ئەم حەرەکەتە مەدەنیانەدا، دەخرێنە ڕوو لە ڕوانگەی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکانەوە، شتێکی زۆر کەم و بێبایەخن و ئەوەندەی هەوڵی بردنە ژێرپرسیارو بە کەمنیشاندانیان دەدرێ، یەک لە دەی ئەوە، کار بۆ بەهێزکردنو پشتیوانی لێ‌کردنوکردنیان بە چەکێکی کاریگەر بۆ جووڵاندنی کۆمەڵ، ناکرێ.

لە هەلومەرجێکدا کە شێوە خەباتێکی جیددی بۆ تەنگهەڵچنین بە کۆماری ئیسلامی لە لایەن حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە لە گۆڕێدا نییە، وەڕێخستنو بە هێزکردنی خەباتی مەدەنی لە نیوخۆی وڵاتدا دەتوانێ، قەرەبووی دیارنەبوونو لەمەیدان دوورکەوتنەوەی شێوە خەباتەکانی دیکە بکاتەوەو کۆمەڵ لە سستیوبێدەنگی دەرباز بکا. وا دێتەبەرچاو کە کردەییترینو گونجاوترین ڕێگا بۆ بووژاندنەوەی فەزایەکی سیاسیی خەباتکارانەو مافخوازانە و تێکەڵ بە خۆڕاگریو ململانێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گرنگیدان بەم شێوە خەباتە بێ. ئەمەش لە گرەوی پێکهاتنی گۆڕان لە خوێندنەوەو ڕوانینی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان بۆ چالاکییە مەدەنییەکانی نیوخۆو بەهێزکردنی پێوەندی لە گەڵ چالاکە سیاسی و مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایە.

# ٢١ی خاکەلێوە ساڵرۆژی حوکمی دادگای میکۆنۆس



عومەر باڵەکی






ڕۆژی ٢١ی خاکەلێوەی هەر ساڵێک بیرخەرەوەی بڕیاری دادگای میکۆنۆسە کە لەو دادگایەدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک تاوانباری ئەسڵی کردەوە تیرۆریستییەکەی ریستورانی میکۆنۆس لە شاری بێڕلین ناسێندرا کە لەو کردەوە تیرۆریستیەدا «د. سادق شەرەفکەندی، فەتاح عەبدولی، هومایوون ئەردەڵانو نوری دێهکوردی» شەهید بوون.

دادگای میکۆنۆس گرینگی و بایەخی خۆی هەیە هەم لە ڕادەی نێونەتەوەییدا و هەم ڕادەی ئەم ناوچەیە کە کوردی تێدا دەژیو خاکی کوردستانی تێدا هەڵکەوتووە. چونکە لە ڕادەی نێونەتەوەییو نێودەوڵەتی ئەوە سەلمێندرا کە ئەگەر دەوڵەتان بیانهەوێو بۆ ماوەیەکی دەست لە بەرژەوەندییە سیاسیو ئابوورییەکانیان هەڵبگرن ڕێگری دەکەن لەوەی کە ڕێژیمە خوێنڕێژەکانی وەک کۆماری ئیسلامی ناتوانن بە کەیفی خۆیان ئەسپی خۆیان لینگ بدەنو خوێنی جیابیرانو دێموکراتخوازان لە نێو سنوورەکانی ئەواندا بڕێژن و سەروەری دەوڵەتان و میللەتان پێشێل بکەن لەڕادەی ناوچەییدا ئەو سەلمێندرا کە بژاقی ڕزگاریخوازو دێموکراسی بە تیرۆرو کوشتنی ڕێبەران کۆتایی نایەو ڕۆژێک دێ دادگایەکی وەک دادگای بێڕلین بە دوور لە بەرژەوەندی سیاسیو ئابووری حەق بە حەقداربدا.

ئەگەر چاو بەڕەوتی دادگای میکۆنۆس دا بخشێنین دەبینین کە دوو لایەنی مەسەلەکە پێکەوە هاوتەرازو بەرابەرنین. لایەنێک بزووتنەوەی حەقخوازانەی کوردە کە ئیمکاناتێکی کەمی لەبەردەست دایەو لایەنەکەی دیکەش حکوومەتی زۆردارو غەدارە کە هیچ کامە لە پرنسیپەکانی نێونەتەوەیی ناناسیو ئیمکاناتی زۆری لە بەردەست دایە. لێرەدایە بۆمان دەردەکەوێ کە بە هیچ جۆر هاوسەنگی لە گۆڕێ دانیە، بەڵام حوکمە و ئاکامی دادگای میکۆنۆس ئەو هاوسەنگییە بە قازانجی دادپەروەریو دێموکراسیو دیفاع لە مافی مروڤ گۆڕی.

لە دوای بەدەسەڵات گەیشتنی ئاخوندەکانو پێکهێنانی حکوومەتێک بە ناوی کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتدارانی ئەو سیستمە بناخەی سیاسەتی دەرەوەی خۆیان لەسەر ناردنی شۆڕش «صدور انقلاب» بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران دارشتو لە ژێر سێبەری ئەو شێوە بیرکردنەوە هەوڵیاندا لە سەرانسەری دنیادا دەنگی جیابیرانو ئازادیخوازو دێموکراتەکان کە دژایەتی کۆماری ئیسلامیان دەکرد کپ بکەن بێ ئەوەی گوێ بدەنە پرنسیپە نێودەوڵەتیەکانو ئەوە درێژەی کێشا هەتا ڕۆژی ٢٦ی پووشپەڕی ١٣٧١ی هەتاوی کە د. سادقی شەرەفکەندیو هاوڕێیانی بە کردەوەیەکی تیروریستی تێدا شەهید کرانو ئەو تیرۆرە بوو بەهۆی ئەوەی دەزگای قەزایی ئاڵمان هەڵوێست بنوێنێو چاوپۆشی لەو جینایەتە نەکا هەر بۆیە پۆلیسی ئاڵمان کەوتە لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی بەڵگەو ئەسنادو شاهیدو دوای ساڵێک لە ڕێکەوتی تیرۆرەکە دادگایەک پێکهات لە سەر پەرورەندەی میکۆنۆس کە لە دواییدا بە دادگای میکۆنۆس ناوی دەرکرد.

دادگای میکۆنۆس لە ٦ی خەزەڵوەری ١٣٧٢ دەستی بەکار کردو نزیک بە ٣/٥ ساڵی کێشاو لەو ماوەیەدا جەلەساتی دادگا حەوتووی دوو جەلەسە بوون جەلەسەکان بە شێوەی ئاشکرا بەڕێوەچوون کە ٢٤٧ جەلەسەی لەخۆگرتو ١٧٠ شاهید تێدا ئامادە بوونو ٩ میلیۆن مارکی ئاڵمانی تێچوی ئەو دادگایە بووو دەتوانین لێرەدا ئیشارە بەوە بکەین کە دادگای میکۆنۆس لەدوای دادگای نورنبرگ کە بۆ تاوانبارانی شەڕی جیهانی پێک هاتبوو گەورەترینو درێژماوەترینو پرهەزینەترین دادگا بوو لە جۆری خۆیدا.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە بۆچی دەوڵەتو دەزگای قەزایی ئاڵمان ئەو هەموو هێزە مادیو مەعنەویو سیاسیەی لەو پەروەندەیە دا سەرف کرد؟ بۆ وڵامی ئەو پرسیارە دەتوانین ئیشارە بە چەند هۆکارێک بکەین:

ـ ئاڵمان وڵاتێکی گەورەی ئابووریو دیموکراسیەو هەمووکات ویستوویەتی ڕۆڵو نەقشی لە ڕەوتی ڕوداوەکانی ئورووپاو جیهاندا دیار بێو بە چاوپۆشی کردن لەو تیرۆرە کەسایەتی ڕووحیو سیاسی ئاڵمانییەکان دەهاتە ژێر پرسیار.

ـ ئێران بەو کردەوە سەروەری خاکی ئاڵمانی لکەدار کردبووو یاساو عورفی دیپلۆماسی لەسەر پێوەندیی دوولایانە بە مەبەستی پاراستنی سوڵحو ئاشتی پێشێل کردبوو.

ـ سێ کەس لە تیرۆر کراوەکان «د. سادق شەرەفکەندی، فەتاح عەبدولی، هومایونی ئەردەڵان» میوانی ڕەسمیی کۆنگرە ئینترناسیۆنال سوسیالیست بوون.

ـ ئەو تاوانە بە ئانقەستو لە یەک کاتو شوێندا ئەنجام درابوو کە کاریگەری هەبوو لە سەر بیروڕای گشتی ئاڵمانو بەتایبەتی خەڵکی بێڕلین.

بنەماڵەی شەهیدەکان بە ڕەسمی سکاڵایان پێشکەشی دادگا کردبووو دەبوایە قانوونی دادوەری وڵامیان بداتەوە.

دادگای ئالمان مێژوویەکی ٥٠٠ ساڵەی هەیەو بەپێی یاسای بنەڕەتی ئاڵمان دادگاو ناوەندە دادوەرییەکان لە کاری خۆیاندا سەربەخۆنو داواکاری گشتی کە پارێزەری مافی هاوڵاتیانە زۆرچالاکو سەربەخۆ بە دوای ئەو پەروەندانەدا دەرۆن کە نەزمو تەرتیبی کۆمەڵگایان شێواندووەو زیانیان بە سەروەری یاسا گەیاندوە.

بۆ ئەوەی بزانین ئاشکراکردنی تاوانبارانی ئەو کردەوە تێرۆریستیە چەندە گرینگی هەبووە بۆ دەوڵەتو دەزگای قەزایی ئاڵمان، پێویستە لێرەدا باس لە نموونەیەک بکەین: لە ٢٨ سەرماوەزی ١٣٧٤ـهـ ئیدارەی گشتی پارێزگاری لە یاسای بنەڕەتی ئاڵمان "B.F.V" راپۆرتێک دەدا بە دەفتەری داواکاری گشتی «دادستان» ئالمان لە پێوەندی دەست تێدابوونی وەزارەتی ئیتلاعات کۆماری ئیسلامی لە تێرۆری میکۆنۆسدا بەو شێوەیە باس دەکا: «بەشێک لە وەزارەتی ئیتلاعاتی ئەمنییەتی ئێران ڕاستەوخۆ دەستیان هەبووە لە تێرۆری ڕێبەرانی کورد لە ٢٦ی پوشپەڕی ١٣٧١ـهـ لە بێڕلین. ئەوبەشە کە بەرپرسی تێرۆرەکە بووە ناسراوە بە «یەکەی چالاکی تایبەت» کە ماوەیەکە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان خستۆتە ژێر چاوەدێریو وەک نموونە، یەکەیەک لەو بەشە بەرپرسی تێرۆری د.قاسملو بوون».

لە ڕەوتی دادگادا ئەوە سالمێندرا کە هۆکاری ئەو تێرۆرەو هەموو تێرۆرەکانی دیکە کە دژبەرانی ئێرانی تێدا تیرۆر کراون، سیاسیە. چونکە دەرکەوت کە تاوانباران لە لایەن حکوومەتی کۆماری ئیسلامییەوە ڕاسپێردراون کە ئەو کردەوە قێزەونەو دوورلە هەموو پابەندییەکی ئینسانیو جیهانی بەڕێوەبەرن. بۆ لێکۆڵەوەرەکان دەرکەوتبوو کە بکوژەکان هیچ جۆر ناسیاویک و دوژمنایەتێکیان لە گەڵ کوژراوەکاندا نیە بۆیە دەبێ ئەو لە لایەن کەس یا کەسانێک یا دەوڵەتێکەوە مەئموریتیان پێ درابێو ئەو دەوڵەتە بێجگە لە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ هیچ دەوڵەتێکی دیکە بێ، چونکە لە نێوبردنی جیابیرانو دژبەرانی خۆی بەو شێوەیە بە ئەرکی خۆی داناوەو تەنیا کۆماری ئیسلامییە لەو تیرۆرە قازانج دەکا. هەربۆیە دەزگای قەزایی ئالمان «kaynehm» لە کردەوەیەکی چاوەڕوان نەکراودا لە ڕۆژی ٢٤ڕەشەمەی ١٣٧٤ بڕیاری دەست بەسەرکردنی «فلاحیان» وەزیری ئیتلاعات و ئەمنییەتی ئێرانی ڕاگەیاندو بڕیارەکە باس لەوە دەکا کە «فەلاحیان» گومانی بەهێزی لەسەرە بە دەستووردان بە بەڕێوەچونی تیرۆرەکە.تەنانەت دادستانی فیدراڵی ئاڵمان لە وتووێژێکی کورت لەگەڵ ڕۆژنامەی «شپیگڵ» لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا حوکمی دەست بەسەرکردنی وەزیرێک کە پۆستی وزارەتی هەیە دەتوانێ درووست بێ؟ ناوبراو بەو شێوەیە وەڵام دەداتەوە:

« دەرچوونی حوکمی دەست بەسەرکردن لە لایەن دەستگای قەزایی هیچ کات مەسەلەیکی سیاسی نیە بەڵکوو دژی کردەوەیەکی قانوونی ناچارانەیە بەرامبەر بە کردوەیەکی تاوانبارانەی قورس، هەروەها لە دەرچوونی بڕیارێک بۆ گرتنو دەستبەسەرکردنی کەسێک نابێ لایەنەکانی کورتخایەن لەبەرچاو بگرین چونکە وەزارەت بۆ هیچ کەس کارێکی دایمی نیە.

سەرئەنجام دادگای بەرزی ئاڵمان لە ڕۆژی ٢١خاکەلێوەی١٣٧٦ بڕیاری کۆتایی خۆی لەسەر تاوانباران دەرکرد. کازمی دارابی«ئێرانی» و عەبباس راحیل«لوبنانی« زیندانی هەتا هەتاییان بەسەردا سەپاو، یوسف ئەمین «لوبنانی» بە ١١ساڵو «محمد اترس» «لوبنانی» بە ٥ ساڵ حوکم دران.

ئەوەی جێگای سرنجە ئەوەیەکە بۆ یەکم جار لە مێژووی قەزایی ئاڵماندا، دادگایەکی بەرز بە شێوەی ئاشکرا دەوڵەتێکی بە تاوانبار ناساند کە دەستی هەبووە لە تیرۆرو کوشتنی نەیارانی خۆیو پێویستە ئیشارە بەوەش بکەین کە دادگای میکۆنۆس یەکەم دادگا بوو کە لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا پەردەی لەسەر روخساری تیرۆریست پەروەریی کۆماری ئیسلامی لابردو یەکەم جار بوو کە کۆماری ئیسلامی بە هۆی بەڕێوەبردنو هیدایەتی تیرۆریزمی دەوڵەتی لە لایەن کۆمەلگای جیهانیەوە مەحکووم دەکرا. چەند ساعەت دوای دەرچوونی حوکمی دادگای میکۆنۆس دەوڵەتی ئاڵمان لە بەیاننامەیەکی ڕەسمیدا ڕایگەیاند کە دەست تێدابوونی ڕێبەرانی حکوومەتی ئێران لە مەسەلەی تیرۆری میکۆنۆسدا پێشێل کردنی ئاشکرای یاساکانی نێونەتەوەییەو ئاڵمان ناتوانێ کردەوەیو لەنێو خاکی خۆیدا قەبوول بکا. هەربۆیە دەوڵەتی ئاڵمان بڕیاریدا سەفیری ئاڵمان لە تاران بانگ بکرێتەوەو کۆتایی بە سیاسەتی دیالۆگی ڕەخنەگرانەی خۆی لەگەڵ ئێران بێنێو چوارکەس لە دیپلۆماتەکانی ئێران لە خاکی ئاڵمان دەربکا.

یەکیەتیی ئورووپا لە ٢٢ی ئاوریلی١٩٩٧ لە کۆبوونەوەی شورای وەزیراندا هەمان هەڵوێستی ئاڵمانیان گرتو هەرکام لەبەر خۆیانەوە پێوەندی دیپلۆماسییان لەگەڵ ئێران پچراندو هەتا ڕادەی کاردار هێنایانە خوارێو تەنانەت حکوومەتی ئوستralیاو نیوزلەندیش سەفیرەکانی خۆیان بانگ کردەوە بەڵام زۆربەی وەزیرەکان دوای مانگێک گەرانەوە بۆ تاران، هەرچەند ئەو پچرانە دیپلۆماتیکە ماوەکەی زۆر کەم بوو بەڵام بێگومان کاریگەری هەبوو لەسەر ڕەفتاری کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی چونکە ئێستاش بۆ کەس ڕوون نیە لەو ساڵە چ شتێک لە نێوان ئێرانو ئوروپایەکاندا ڕووی دا بەڵام شتێک بە تەواوی ڕوونە ئەویش ئەوەیە لە دوای حوکمی دادگای میکۆنۆس زنجیرە تیرۆرەکانی دەرەوەی وڵات لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ڕاگیرانو لە ماوەی ئەو ٢٢ساڵە کە بە سەر ڕووداوی میکۆنۆسدا تێپەردەبێ، ڕووداوێکی لەو چەشنە لە دەرەوەی ئێران ڕووی نەداوەتەوە.

پەروەندەی میکۆنۆس هەتا ئێستاش باشترین نموونەیە بۆ ناسینی چۆنیەتی چالاکییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ لەناو بردنی نەیارانی خۆی لە دەرەوەی وڵات. هەرچەند ڕووداوی تیرۆر کردنی د. سادق شەرەفکەندیو هاوڕێیانی بۆ حیزبی دێموکراتو خەباتی کوردستان کارەسات بوو بەڵام حوکمی دادگای میکۆنۆس توانی مەزلومیەتی گەلی کوردو بەرحەق بوونی جووڵانەوەکەی زیاتر بە دنیا بناسێنێو کۆماری ئیسلامی وەک حکوومەتێکی سەدەکانی ناوەڕاست لە دنیادا دەست نیشان بکا.

**ئەوەی جێگای سرنجە ئەوەیەکە بۆ یەکم جار لە مێژووی قەزایی ئاڵماندا، دادگایەکی بەرز بە شێوەی ئاشکرا دەوڵەتێکی بە تاوانبار ناساند کە دەستی هەبووە لە تیرۆرو کوشتنی نەیارانی خۆیو پێویستە ئیشارە بەوەش بکەین کە دادگای میکۆنۆس یەکەم دادگا بوو کە لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا پەردەی لەسەر روخساری تیرۆریست پەروەریی کۆماری ئیسلامی لابردو یەکەم جار بوو کە کۆماری ئیسلامی بە هۆی بەڕێوەبردنو هیدایەتی تیرۆریزمی دەوڵەتی لە لایەن کۆمەلگای جیهانیەوە مەحکووم دەکرا**

# ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان‌و نەبوونی خوێندەواری میدیایی

## (بە بۆنەی ١١٦ ساڵەی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی)



**مادح ئەحمەدی**

ئەگەرچی ئەزموونی ڕۆژنامەگەریی بۆ کورد لە تاراوگەوە دەستی پێ‌کرد، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمە بەو ئەنجامە دەگەین کە دەسپێکێکی باش و وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی کوردو بزاڤیی رووناکبیری کورد دا. دەرکردنی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی «کوردستان» (لەلایەن بنەماڵەی بدرخانییەکانەوە بە سەرنووسەری «میقداد مەدحەت بدرخان») لە ٢٢ی ئاپریلی (٢٢ی نیسان) ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیری پایتەختی میسر، هەنگاوێکی پڕ مەزن بوو بۆ ئەو دەم. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەو چەند ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان کە لە قاهیرە دەرچوو بە نهێنی ڕەوانەی ئەستەمبوڵ‌و بەشێک لە ناوچە کوردنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی کراوەتەوەو دابەش کراوە. ئەمەش دەکرێ وەک هەوڵێک بۆ ڕۆشنگەریی‌و ڕێکخستن‌و وشیار کردنەوەی رای گشتی بێتە ئەژمارو یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ڕۆژنامەی کوردستانە. خاڵێکی بەهێزی دیکەی ڕۆژنامەی کوردستان، ئەوەیە کە لەو سەردەمەدا زۆر گرنگی بە هەواڵی شەڕو ڕووداوەکانی دەوروبەری دەدا.

ڕاستە ڕۆژنامەی کوردستان لە تاراوگەو لە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی - سیاسی ئابنۆرماڵ‌دا لەدایک بوو، بەو حاڵەش دەستپێکی ڕۆژنامەگەریی بۆ کورد بناغەیەکی باش بووەو بەپێی ئەو تایبەتمەندییانەی سەرەوە دەتوانین بێژین ڕۆژنامەگەریی کوردی، دەستپێکی کارامەو پرۆفیشناڵی هەبووە. بەپێچەوانەی ئەم دەستپێک باشە، ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان‌و دۆخی ناسەقامگیر کوردستان دەبنە هۆی ئەوەی کە قەتاری ڕۆژنامەگەری لە کوردستان لە ڕەیل لابداو ئاراستەیەکی ناسروشتی بگرێتە بەر. ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ناو پرۆسەیەکی سروشتی‌دا، هاوشانی نەتەوەکانی ناوچەکە گەشە نەکات. هۆکارەکانی ئەم گەشە نەکردنە بەپێی قۆناغەکان جیاوازن‌و بەشێکی زۆریشیان هاوبەشن. بێگومان قسەکردن لەسەر ئەو قۆناغگەلە بەدواداچوونی وردو کاتێکی زۆری دەوێ. ئەوەی لێرەدا زیاتر مەبەستە، قسەکردنە لەسەر دۆخی ئەمڕۆی ڕۆژنامەگەریی‌و ڕاگەیاندن لە کوردستان کە بە دەستی کۆمەڵێک نەخۆشی کوشندەوە دەناڵێنێ.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، ڕاگەیاندن‌و پیشەی ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان، گەشەو پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. ئەم گەشە کردنە لە رووی چەندایەتییەوە، زۆر زۆرەو گەیشتووەتە ئاستێک کە جۆرێک لە بێ سەروبەریی‌و پاشاگەردانی پێوە دیارە، بەپێچەوانەوە لە رووی چۆنایەتیی وەک پێویست گەشەی نەکردووەو ناتوانین بێژین ستانداردە جیهانی‌و پیشەییەکان ڕەچاو کراوە.

بەو پێیەی کە هێشتا لە کوردستان لە روانگەیەکی شکڵی‌و ئامرازییەوە سەیری میدیاو کەرەسەکانی ڕاگەیاندن دەکرێ، بەردەوام ژمارەی میدیاکان زۆر دەبن‌و بەشێوەیەکی ناسروشتی ئەو ڕێژەیە رووی لە زیاد بوونە. وای لێ‌هاتووە هەرکەس ئیماکانات‌و توانایی دارایی هەبێ بێ گوێدانە پێوەرە پیشەییەکان، دەزگایەکی ڕاگەیاندن دەکاتەوەو بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی‌و خۆناساندن بەکاری دێنێ‌و بەگوێرەی ویستی خۆشی پەلاماری نەیارەکانی دەدات. ئەم کێشەگەلە (کە لە باشووری کوردستان بە زەقی دەبینرێ)، ڕیشەکانی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێگەشتنە هەڵەی کە بەرانبەر بە ئەرکو ڕۆڵی میدیا لە کوردستان‌دا زاڵە. دەرکەوتەکانی ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە وای کردووە کە بازرگان، سیاسەتوان، کەسانی ئاسایی و... ببنە ڕۆژنامەنووس‌و هەر کامەیان دەزگایەکی ڕاگەیاندنی هەبی‌و کارتی ڕۆژنامەوانی لایەنێکی هەبێ. لە وەها حاڵەتێکدا سروشتییە کە گەشەی میدیایی لە رووی چۆنایەتییە وەڵامدەر نەبی‌و ناستاندارد بێ. لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا هەندێ کەناڵی تەلەفزیۆنی‌و دەزگای ڕاگەیاندن کرانەوەو تا ڕادەیەک شێوازێکی تازەیان لە میدیای کوردی‌دا هێنا ئاراوە، بەڵام بەو حاڵەش ژمارەیەک لەو میدیاگەلە هەر لە ژێر سێبەری ئەم‌و ئەودان‌و نەیانتوانیوە بە مانای راستەقینە، ڕۆڵی خۆیان وەک میدیایەکی پرۆفیشناڵ بگێڕن، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە

ل ٨






# شەڕێکی بەردەوام‌و ناڵەناڵی بێ کۆتایی...



**عەلی بداغی**

تەنیا لە ماوەی سێ ڕۆژداو لە سێ شوێنی تەنیا ناوچەیەکی کوردستان، واتە مەریوان سێ کەس بەهۆی تەقینەوەی مین لاقیان پەڕی.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٦ی خاکەلێوەش شوانکارەیەک بە ناوی جەماڵ کەریمی، کوڕی ڕەشید خەڵکی ئاوایی «گوڵچیەر»ی مەریوان کە لەنزیک پادگانی ئەرتەش سەرقاڵی لەوەڕاندنی مەڕو ماڵاتەکەی بوو، کەوتە سەر مین‌و لاقێکی پەڕی. سێ ڕۆژ دواتر، واتە ڕۆژی سێشەممە، ١٩ ی خاکەلێوەش لە ئاوایی «ئاسناوێ»ی سەر بە شاری مەریوان کەسێک بە ناوی عومەر دێهقانی کە بۆ کۆکردنەوەی گیای بەهاری ڕووی کردبوە کێوەکانی دەوروبەری گوندەکەی، کەوتە سەر مین‌و بەو هۆیەوە لاقێکی لە دەست دا. ڕۆژی دواتریش واتە ٢٠ ی خاکەلێوە کەسێکی خەڵکی گوندی «سەردۆش»ی سەربەو شارەش بە ناوی فایەق ئەحمەدزادە، ناسراو بە فایەقی دەروێش مەحموود بەهۆی تەقینەوەی مین لە شوێنێک بەناوی «قەلانجان» لە نزیک سنووری هەرێمی کوردستان لاقی پەڕی.

چەند پاتبوونەوەی ئەو ڕووداوەو دڵتەزێنانە کە جاری وایە زیان‌و خەسارەکانی زۆر لەوەش زیاترن، ئاماژە بەو ڕاستییەن کە هێشتا شەڕ لە کوردستان بەردەوامە، بەڵگەن بۆ ئەوەی کوردستان لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە بەبەشێک لە ئێران دانانرێ، خەڵکەکەو دانیشتووانەکەشی مافی وەک یەکی ئەوانی دیکەی نیەو ئێرە هەرێمیکی تا سەر ئێسقان بریندار، تا ئەوپەڕی فەرامۆشی‌و پەراوێزخران.

بۆ دەڵێم لەبیرکراو و پەراوێزخراو؛ چونکە ٢٥ ساڵە شەڕ لەگەڵ عێراق تەواو بووە، شەڕێک کە ماڵوێرانییەکەی، کاولکارییەکەی‌و ئاسەوارە ماڵوێرانکەرەکەی بەشی هەرە زۆری بۆ کورد بوو، بەڵام ٢٥ ساڵ دوای تەواو بوونی ئەو شەڕە هەموو ڕۆژێ خەڵکی کوردستانن کە گوێیان لە گرمەی مین‌و تەقەمەنییەکانی پاشماوەی شەڕ دەبی‌و بنەماڵەیەک کۆستیان دەکەوێ.

ئەوە کوردستانە کە دەوڵەت خۆی‌و بەپێی ئامارە ڕەسمییەکانی دەڵێ زیاتر لە ١٦ میلیۆن مینی لەکارنەخراوی هەڵنەگیراوەو دەیان میلیۆن تەقەمەنی لە دوای شەڕ تێ‌دا بەجێ ماون، بەڵام کەمترینی ئەوانە هەڵگیراونەتەوەو تاڵ‌و گەپجار ئەوەی ڕاست لەو ڕۆژەی جێژنی پاکسازیی ئەو ناوچانە لە مین دەگرن، هەر ئەو ڕۆژە حەوت منداڵی ڕووح سووکی گوندێکی بێبەش ئەویش هەر لە ناوچەی مەریوان بوونە قوربانیی تەقینەوەی مین‌و یەک لەوان لاقی پەڕی.

ناڕاستی‌و چەواشەکارییەکانی کاربەدەستان‌و ناوەندە پێوەندیدارەکان هەر بەوەندە نابڕێتەوە، ئێستاش ئامارێکی وردو دەقیق لە قوربانییانی تەقینەوەی مین لە کوردستان لەبەر دەست‌دا نین، خەڵک لە هەموو گوندو ناوچەکان دەزانن چەندیان کەی‌و لە کوێ لێ کوژراوە، بریندار بووە، بەڵام تا ئێستاش هیچ ناوەندێکی حکوومەتی خۆی بە بەرپرسیاری کۆکردنەوەی زانیارییەکانیش نەزانیوەو؛ ڕێ لە ڕێکخراوەو ناوەندە مەدەنییەکانیش گیراوە لەو چوارچێوەیەدا کاری خۆیان بکەن.

سیاسەتی هەڵاواردن‌و فەرق‌و جیاوازیدانانی دەوڵەت دەرهەق بە خەڵکی کورد هەر لە مافی بەشداریی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، پرۆژەکانی ئاوەدانی‌و وەبەرهێنان‌دا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو لەو بوارەش‌دا قوربانیانی ڕووداوی تەقینەوەی لە کوردستان سیستماتیک غەدریان لێ دەکرێ‌و مافەکانیان ژێرپێ دەنرێ. تۆ لە وڵاتی خۆت، لە ژینگەو شوێنی ژیانی خۆت، لە مووچەو سەر ڕێ‌و کوێستانی خۆت قوربانیی سیاسەتی دوژمنکارانەی دەوڵەت‌و کەمتەرخەمی‌و خەمساردییەکانیان بی، بەهۆی تەقینەوەی مین بکوژرێی، دەست‌و لاقت بپەڕێ، بریندار بی‌و لە ژیان بکەوی، کەچی دەوڵەت خۆی بە بەرپرسیاری ئەوە نەزانێ‌و ئاوڕت لێ نەداتەوە؛ ئەوە غەدرێکە لەو ئێرانەدا هەر لە خەڵکی کورد دەکرێ. بە هەزاران کەس لە قوربانیانی تەقینەوەی مین لە کوردستان ئەوە بارودۆخیانە، ئەوانەی بەو هۆیەوە گیانیان لە دەست داوە، بنەماڵەکانیان لەلایەن دەوڵەتەوە کە بەپێی قانوون دەبێ بەرعودەی پاراستنی ئەمنیەت‌و گیانی خەڵکەکەی بێ هەر لایان لێ نەکراوەتەوەو؛ ئەوانەش دەست‌و لاقیان پەڕیوەو نقوستان بوون‌و کەوتوونەتە سووچی ماڵەکانیان، لە هەر چەشنە مافێکی پێکران، دابینبوونی کۆمەڵایەتی‌و چارەسەری پزیشکی‌و دەرمانیی دەوڵەتی بێبەش کراون‌و ئەوەی لەو نێوەدا بایەخی نیەو مەزادە، گیان‌و ژیانی خەڵکی کوردە...

جیا لەوەش خێرو بێری مین بۆ کۆماری ئیسلامیش جێی سەرنج‌و وردبوونەوەیە. ئێران هەم مین لە دژی دژبەرانی دەکار دەکا، هەم دەیفرۆشێ؛ هەر بۆیەش پێملی هیچ کام لەو پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنانەش نەبووە کە لە پێناو کەمکردنەوەی خەسارەکانی مین پەسند کراون، تا بەمجۆرە خەڵکی کوردستان ئەو کەمە دەرەتانەشیان نەبێ تا لە ئەگەری ئەندامەتیی ئێران لەو پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنانەدا چاویان لە یارمەتی‌و بەهاناوەهاتنی ئەو ڕێکخراوە جیهانییانە بێ. هۆکارەکەشی ڕوونە، ئەگەر ئێران یەک لەو پەیماننامانە، بۆ نموونە پەیماننامەی « ئۆتاوا» ئیمزا بکا کە تا ئێستا ١٥٨ وڵات ئیمزایان کردوە، دەبێ دەربەستی ئەوە بێ کە دوای کۆتایی هاتنی هەر شەڕێک لە وڵاتەکەی، لە ماوەی دە ساڵ‌دا هەموو مەیدانەکانی شەڕ، مەزراو مووچەو لەوەڕگەو کوێستان‌و ناوچەکانی شوێنی ژیانی خەڵکەکەی لە مین پاک بکاتەوە، چ بگا دوای ٢٥ ساڵ؛ هەر بۆیە ئێران پێچەوانەی وڵاتانی دراوسێی شەڕلێدراوی ئەو دواییانەی وەک عێراق‌و ئەفغانستانیش نەچۆتە ژێرباری ئەو پەیماننامەیە، چونکە بەوە جیا لە دەروەستی بە خەڵکەکەی، ئیزنی دروستکردن‌و فرۆشتنی مینیشی بە وڵاتانی دیکەو گرووپە سەرهەڵداوەکان نامێنێ....

قوربانیانی ڕووداوەکانی تەقینەوەی مین لە کوردستان کۆڵبەران‌و کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانن، شوان‌و منداڵان‌و خەڵکی ئاسایی‌و بێدەرەتانی گوندەکانی شارە سنوورییەکانی کوردستانن، ئەوان ئەوەندە هەژارو بێ دەرەتانن کە دوای توشبوونیان بەو کارەساتانەش نەک ئاوڕیان لێ نادرێتەوە، پشتگیری ناکرێن‌و لە ماف‌و خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکان بێبەش دەبن، بەڵکوو لۆمەی ئەوەش دەکرێن کە چۆنە پارێزیان نەکردووەو ئاگایان لە خۆیان نەبوەو بۆ مینە نوستووەکانیان وەخەبەر هێناوە! دەمەوێ بڵێم ڕێگەگرتن لە دووپاتبوونەوەی ئەو ڕووداوە دڵتەزێن‌و ناخۆشانە لە کوردستان، بەهاناوەچوونی قوربانیانی تەقینەوەی مین‌و بنەماڵەکانیان ئەرکێکی گشتی‌و نیشمانییە، بە تایبەت لە کاتێک‌دا کە ناوەندە بەرپرسیارە حکوومییەکان خۆیان لەهەر چەشنە بەرپرسایەتییەک دەدزنەوە، ئەوە چالاکانی مەدەنی، نوێنەرانی شارەکانی کوردستان لە مەجلیس، کاربەدەستانی دەروەست‌و دڵسۆزی نیشتمانە کە بەگرتنە پێشێی هەموو ڕێگەقانوونییەکان‌و فشارخستنە سەر ئۆڕگانە پێوەندیدارەکان لەلایەک دەوڵەت ناچار بە هەڵگرتنەوەو لەکارخستنی مینەکان لە کوردستان بکەن، لە لایەکی دیکەش لە خەمی قوربانیانی ڕووداوەکانی تەقینەوەی مین‌دا بن تا ژیان‌و ئارامی‌و مافە ڕەواکانیان بە ڕەوا بزانرێ‌و ئیمکاناتی ژیانێکی شایان‌و چارەسەری پزیشکییان بۆ دابین بکرێ.



گرینگو

# چالاکیی ژنانی کورد لە هەڵبژاردنی شووڕا و شارەوانییەکان‌دا



حەسەن حاتەمی

لە دە مانگی رابردوو دا، لە دووبەشی کوردستان رۆژهەلات- ٢٤ ی جۆزەردانی ١٣٩٢ (١٥ی جوونی ٢٠١٣- و باکوور ٣٠ ی مارسی ٢٠١٤ (١٠ خاکەلیوەی ١٣٩٣) دا، دوو هەڵبژاردنی شووڕایی و بەڕێوەبەری بە دوو نێوەرۆکی جیاوازەوە بەڕێوەچوون.

## رۆژهەڵاتی کوردستان

لە ئێران‌دا شکڵو نێورۆکی هەڵبژاردنەکانو سیستێمی دەسەڵات لەگەڵ تورکیە گەلێک جیاوازە. مەبەستی نووسینی ئەم مەتڵەبەش، هەڵسەنگاندنی چالاکی ژنانە لە دوو بەشی کوردستانو چۆنیەتیی کەلک وەرگرتن لە درفەتەکانە.

لە ئێران‌دا، تەنیا هەڵبژاردنێکی لە ژێر دەسەڵاتو ساتووری شووڕای نیگابان‌دا، نیە شووڕاکانە. لەو سیستێمەدا، شارەدارییەکان ڕاستەخۆ هەڵنابژێردرێنو لە رێگای دەنگ دانی ئەندامانی شووڕاکان هەڵدەبژێردرێن. لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی شووڕاکان‌دا، دوای سێ ساڵ وەدواخستنیو هاوکات لەگەڵ یازدەیەمین خولی سەرکۆماری‌دا-، بەڕێوەچوو.

لەو دەورەیەدا، رادەی ١٩٦ هەزار و٩١٧ کەس بۆ کورسییەکانی ئەسڵیو جێگر لە شارو گوندەکان هەڵدەبژێردران. روونە کە کەرەسەکانی دێموکراسی بەتایبەتی، ئازادی حیزبو رێکخراوەکان لەنێو ئەوانیش‌دا، جیا بیرانو تێکۆشەرانی رێی ئازادیو مافی نەتەوەکانی بەرایی لەئێران‌دا، ئێزنییان نیە. ئازادی بەیانو کەلک وەرگرتن لە رادیۆ، تلویزیون، رۆژنامە، بەشێوەی یەکسانو هەمە لایەنە زۆر کەمەو بازنەی بانگەشەی هەڵبژارن راشکاوانەو شەفافو بەربەرین نیە. ئیسلامییە دەسەڵاتدارە بناژۆکانیش- کە پێشتر ٢٠ ساڵ پێش هەڵبژردنی شووڕاکانیان گرت-، ترسیان لەهەرجۆرە کرانەوەیەک هەیە. بۆیە کێبەرکێیەکان لەچوارچێوەی یاساو ڕێساکانی کۆماری ئیسلامی‌دا، بەڕێوەچوون.

بەوحاڵەش لە چوارەمین خولی شووڕاکان دا، ژنان بەشداری زۆر بەرچاویان هەبوو. بە پێی راپۆرتی بەشی کۆمەڵایەتی رۆژنامەی ئیعتماد ١٢ هەزار و٨٧ ژن لەسەرانسەری وڵات لە فەرمانداریو بەخشدارییەکان خۆیان ناونووس کرد کە ٤٪ بەرزبۆوە. ئەو ریژەیە لە خولی سێیەم‌دا، ٧ هەزارو٣٥ ژن ناونووسیان کردبوو. لە دەوری چوارەم دا، ژنانو کیژانی کورد بەشداری بەرچاو و کاریگەریان هەبوو.

لەو هەڵبژاردنەدا، لە زۆربەی هەرە زۆری شارو شارۆچکەکان‌دا، ژنان بە ئەندامەتی شووڕاکان هەڵبژێراون. ئەو هەڵبژێرانە نیشانەی چالاکی ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەکو دەنگ پێدانیان لە لایەن ژنان، کچانو پیاوانی خاوەن دەنگ لە لایەکی دیکەوە، هەوڵێکی گرینگی مەدەنیو مۆدێرنە بۆ بەشداری بەرفراوانی کۆمەڵگای مەدەنیو خوڵقاندی فەزایەک کە دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆ بە ئاسانی ناتوانن پاشەکەشە یا سەرکوتی کەن. پێویستە رێز لەو کردەوەو هەوڵویستانە بگیریو هان دان بۆ کەلک وەرگرتن لە هەموو دەرفەتەکان بەتایبەتی بە ژنان- کە دەنگ دانەوە و رەنگ دانەوە و کاریگەری پترە-، و پشتیگیری کردنیان زۆر بەقازانجی کۆمەڵگاکەمان بەرەو کرانەوە، دەشکێتەو.

ئەو چالاکییانە لە جۆرە بیرو هزرێک سەرچاوە دەگرێ کە ئومێد بۆ دروست بوونی فەزایەکی مەدنیو کردنەوەی بازنەی تەسکو داخراو بۆ ژنانو بەشداربوونیان لە بڕیارەکانی مودیرییەتیو گۆڕان بە قازانجی کۆمەڵگا کە ژنان تێی‌دا دینامیزمێکی بەهێزنو بەو پێیە کە رادەی خوێندەواریو باوڕ بە خۆیان پتر بووە، بەخۆشییەوە بەئاکامێکی جێی سەرنج گەیشتوون.

چونکە وەزعی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ویلایەتیی موتڵەقەی فقیەدا، بەهۆی تێکۆشانی بەرفراوانی بۆ ئازادیو مافی نەتەوەیی ملیتاریزەو ئەمنییەتییە، گەیشتن بە پلەکانی شارەداری و سەرۆک شووڕاکان بۆ ژنان زۆر کەمە. بەڵام هەلبژاردنیان بۆ ئەندامەتی لە شووڕاکان‌دا، بەخۆشییەوە زۆربەرچاوە.

ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان ناچارن، لە چەند رەهەندەوە چالاک بن. لەنێو بنەماڵە، لە کۆمەڵگا، لەخوێندنگاکانو هەڵسکەوت کردن لە فەزایەکی زۆر داخراو و دژە ژن و پیاو سالار و .... دا. بەڵام چالاک بوونیان لە هەمووی ئەو مەیدانانەدا، نیشانەی بوێریو ئازایەتییانە.

جووڵانەوەی ژنان لە سەرانسەری ئێران بەگشتیو لە کوردستان بەتایبەتی، بە هەموو زەبر و زەنگو بیانووگرتن بە چۆنییەتی جلوبەرگ، خۆداپۆشین یا حیجابو حەساس بوونی لە رادەبەدەر بەمووی سەری ژنانو کچان، نە تەنیا نەتونراوە سەرکوت بکرێ، بەڵکوو بەرەو پێش چووە. ئەو خەباتە جێی دڵخۆشیو شانازییە و ئومێدبە گەشە کردنی پتری زورە.

## باکووری کوردستان

شووێنەدانەرەکانیان دا، هاوسەرۆکو بەڕێوەبەرن. ئەو دیاردەیەش کردەوەیەکی نوێی یەکسانیو بەرانبەری خوازییە کە هەم ژنان تێدا چالاکنو هەم پیاوەکان رێگر نین.

لەو بارودۆخە دابوو کە هەڵبژاردنی شارەوانییو شووراکان لە باکووری کوردستان گرینگی پتری هەبوو. لەخەباتو بەرخودانەی نزیکەی سێ دەیەی کوردان‌دا، ژنان هێزێکی بەتواناو کارامەی ئەو خەباتە خوێناویو دژوارەو ئینکارەی گەلی کورد بەهۆی تورکەکانەوە لە لایەکو لەسەرپێ بوونی خەباتی مەدنیی لە سەر شەقامو سندووقەکانی دەنگ دان لە لایەکی دیکەوە، پتر لە سەد شارەوانی کە لەنێویان دا، سێ گەروە شار(پارێزگا) ی ئامەد، وانو ماردین یان تێدایە، وەدەست هێنران.

ژنە خەباتگێرو تێکۆشەری بوێری کورد گوڵتان کشاناک، ئاڵای حیزبی ئاشتیو دێموکراسی (بە دە پە) ی بە یارمەتی دەنگ دەرانی- کە بەدڵنیاییەوە زۆرتریان ژنانو کچان بوون- لە ئامەدی مەزن بردە ریزی یەکەمو بوو بە یەکەم شارەداری ژنی کورد لە مێژووی بەرخۆدانی باکووری کوردستان‌دا.

ژمارەیەکی زۆری دیکەی ژنانی کورد کە کەسی وەک فاتمە شاهین- شارەداری غازی عەنتەبە لە حیزبی دادو گەشە پێدانی- شی تێدایە، بوونە شارەدار و ئەندامی شووڕاکان. ئەوان سەرەڕای کۆمەڵگای نایەکسانو نابەرابەر، بوونی دیاردەی عەشیرەییو کەمتر گەشەکردوی کۆمەلایەتیو بەربەستی زۆر لەسەر ڕێیان، چالاکانە بەشێوەی مۆدێرنو مەدنیانە هەنگاوگەلێکی مەزنیان هاویشتو بوون بە دینامۆ( مۆتوری) ی ئاڵوگۆڕەکان.

لە شڕۆڤەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیەو دەسکەوتی کوردەکان، کە بەشی دوویەمی وتارێکی




لە باکووری کوردستان مەسەلەکە وەک وترا جیاوازە. شارەوانییو شووڕاو موختارەکانی گەڕەکو گوندەکان، دەسەڵاتیی ئیجرایی تا رادەیەک باشیان هەیە. شارەوانییەکان کە راستەوخۆ لە لایەن خەڵکانی تورکو کورد، عەرەبو چەرکیس و... هەڵدەبژێردرێن. بوونی سیستێمی فرە حیزبیو فرە گەلی بەشێوەی دێفاکتۆ (نافەرمی)، جگە لە نەتەوەی تورک کە رەسمیو یاساییە، بوونی هەیەو ئازادی رێژەیی هەڵبژاردنو ئێزن دان بە چاوەدێرە بیانییەکانی چالاکی مافی مرۆڤ بەسەر دەنگ دانەکان‌دا، کەڵک وەرگرتنی رێژیی لە مێدیاکان، گورەپانی تێکۆشانی بۆ هەمووان بەرفراوانتر کردوە.

ژنانو کچان لەو بەشەداو، بە تایبەتی لە ١٢ ساڵی رابردوو کە ئاکەپە زۆربەی دەسەڵاتی پارلمانیو دەوڵەتی وەدەست هێناو بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کۆماری تورکیە دا، سێ جار زۆرینەی کورسییەکانی پارلمانی بردەوەو سەرۆک وەزیرو سەرکۆمار لەو حیزبە هەڵبژێران. ئەو فەزایە لە ساڵی ٢٠٠٧ وە دەسەڵاتی کوودیتاچییەکانی ١٩٨٠ی زۆر کورت کردوەو کرانەوەیەکی ڕێژەیی هاتە کایەوە. ئەو فەزایە کوردیشی گرتەوەو دانیشتنی بەدەپە، ئانکارا، ئیمرلیو قەندیل تیشکی گۆڕەپانەکانی خەباتی مەدەنی روونتر کرد.

لەو کرانەوەیە دا- هەرچەند لە هەڵبژاردنی پارلمانی کە پێش دانیشتنەکان ئەنجام درابوو-، کوردەکان نەیاتوانیبوو ١٠٪ی دەنگەکانی سەرانسەری تورکیە وەدەست بێنن، بەڵام پارلمانتێرانی کوردو لەنێویان دا، ژنان ژمارەیەک کورسییان هەیەو بوونە هێزی چوارەم. هەرەوها بە گەشەکردنو سەقامگیری زۆرتری چالاکی حیزبیو ڕێکخراوەیی، ژنانی کورد لە حیزبو ڕێکخراوە

محەممەد عالی دەسماڵییەو قوباد ئارش تەرجەمەی کردوەو لە ماڵپەڕی کورد پرێس‌دا، بڵاوکرداوەتەوە نووسراوە: «یەکێک لە خاڵە بەرجەستەو پۆزێتیڤەکانی سەرکەوتنی پارتی ئاشتیو دێموکراسی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک شارەوانییەکان، بەرجەستەبوونەوەی پێگەی ژنانو هەڵبژاردنی ٢٠ ژن وەکو سەرۆک شارەوانی بووە. ئەڵبەتە لە هەرکام لە سەرۆک شارەوانیە پیاوەکانیش‌دا، شارەوانییەکی هاوسەرۆکو هاوسەنگ هەیە کە هەموویان ژنن. بەو بۆنەوە بەدەپە توانیویەتی لە دەرفەتە سیاسیو کۆمەڵایەتییو فەرهەنگییەکانی ژنان بەشێوەیەکی باش کەڵک وەرگرێ. بەڵام هێشتا نادیارە کە دامەزراندنی سیستێمی هاوسەرۆکی بۆ شارەوانییەکان کە رەهەندێکی یاسایی نیەو تەنیا لەچوارچێوەی مۆدێلی ئایدۆلۆژی پەکەکە دروست بوە لە داهاتوو دا، تا چ رادەیەک پۆزێتیف دەبێ».

ئەو سەرکەوتنەی کوردان لە باکووری کوردستان کە زۆربەی توانکان هێزی ژنانو کچانە کە پێویستە زۆری هەڵوێستە لەسەر بکرێو بەهێند بگیرێ. هەوڵ بدرێ ئەو تواناو وزەیە بەرەو گەشەوریژەی زۆرتر لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، بچێ و سەنگایی زۆرتری لەسەر جووڵانەوەی گەلەکەمان لەو بەشەی کوردستان‌دا، دابنێ.

**سەرچاوەکان:**
**رۆژنامەی ئیعتماد**
**کورد پرێس**
**گووگل**

**جووڵانەوەی ژنان لە سەرانسەری ئێران بەگشتیو لە کوردستان بەتایبەتی، بە هەموو زەبر و زەنگو بیانووگرتن بە چۆنییەتی جلوبەرگ، خۆداپۆشین یا حیجابو حەساس بوونی لە رادەبەدەر بەمووی سەری ژنانو کچان، نە تەنیا نەتونراوە سەرکوت بکرێ، بەڵکوو بەرەو پێش چووە. ئەو خەباتە جێی دڵخۆشیو شانازییە و ئومێدبە گەشە کردنی پتری زورە.**

---

**درێژەی:**

## رۆژنامەنووسی لە کوردستانو نەبوونی خوێندەواری میدیایی

کە هێشتا ستانداردی پیشەیی لە راگەیاندن‌دا لە کوردستان ڕەچاو ناکرێ. بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە بەرباس کە ئاخۆ گرفتەکە چییە؟

خەریک بوون بە وەڵامی ئەم پرسیارەی سەرەوە، رامان دەکێشێ بۆ لای چەند گرفتی دیکە کە ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ راگەیاندنی کوردی بە دەستییەوە دەناڵێنێ. یەکەم گرفت کە لێرەدا دێتە بەردەممان، دۆخی سیاسیو هەلومەرجی سیاسی زاڵ بەسەر هەموو بەشەکانی کوردستانەوە کە بەدرێژایی مێژوو رێگر بووە لەبەردەم گەشەکردنی کۆمەڵگەی کوردستان لە بوارە جیاوازەکان‌دا. ئەم هۆکارە رەنگدانەوەی بەسەر رەوتی گەشەی راگەیاندنو وشیاریی میدیایی لە کوردستان‌دا هەبووەو هەیەو لە ژێر کاریگەریی ئەم دۆخەدا زۆر گرفتی دیکە هاتوونەتە ئاراوە. گرفتی دووەم، قەیرانێکی تیۆریکە کە ریشەی لە رابردوو دایەو بووتە هۆی ئەوەی کورد خاوەن هێزی مرۆیی پرۆفیشناڵ لە بواری راگەیاندن‌دا نەبێ. بەواتایەکی دیکە ئێمە بەو بۆنەوە کە خاوەن دەوڵەتو کیانی خۆمان نەبووین، نەمانتوانیوە هاوشان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە خاوەن ناوەندیی ئاکادیمیو زانستی بەهێز بین لە بواری راگەیاندن‌دا، بۆیە بەردەوام لە قەیرانێکی تیۆریک‌دا ژیاوینو بەرهەمی نەتەوەکانی دیکەمان دەرخوارد دراوەو بە گوێرەی ستاندارد پیشەییەکان گەشەمان نەکردووە. گرفتێکی دیکەی بەردەم پیشەیی بوونی راگەیاندن لە کوردستان‌دا، حیزبەکانن. ئێستا ئەگەر سەیر بکەین دەبین لە هەر چوار پارچەی کوردستان ژمارەیەکی زۆر حیزبو لایەنی سیاسی بوونیان هەیە، هەر کام لەم حیزبگەلە بە شێوەی فەرمی ژمارەیەک دەزگای راگەیاندنی هەیە (ماڵپەڕی ئێلکترۆنی، رادیۆ، تەلەفزیۆن، گۆڤار، رۆژنامە و...)، بە شێوەی نافەرمیش هەر کامیان بە دەیان کەناڵی لاوەکیو سێبەریان هەیە بۆ گەیاندنی پەیامە نافەرمییەکانو هەندێ جار ئەزیەت کردنی ئەم و ئەو و بڵاو کردنەوەی تۆمەت و جوێن و... . ئەمە وای کردووە جۆرێک لە قۆرغکاری لە پانتای کاری راگەیاندن لە کوردستان دروست بێ. ئەم قۆرغکاریەش لەباتی ئەوەی ئاراستەی کاری میدیایی، بەرەو ئاراستەیەکی پرۆفیشناڵانە بەرێ، بەئاراستەی پێچەوانەدا هەنگاو دەنێو بێسەروبەرەییو بشێوی لەم بوارەدا بەرهەم هێناوە. هەروەها رێگرە لەبەردەم لاچوونی کاریگەریی رۆژنامەگەرییو گوتاری شاخ بەسەر رۆژنامەگەریی شارەوە. گرفتێکی دیکەی رۆژنامەگەریی لە کوردستان ئەوەیە کە هێشتا نەمانتوانیوە لە ژێر کاریگەریی ئەوە نەتەوانە دەرباز بین کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە. لە باشووری کوردستان بە زەقی هەست بە کاریگەریی رۆژنامەگەرییو دونیای راگەیاندنی عەرەب بەسەر میدیا کوردییەکانەوە دەکرێ. لە باکور کاریگەریی تورک بەسەر میدیای کوردییەوە دیارە. لە رۆژهەڵات کاریگەرییو شێوازی کارکردنی راگەیاندنە فارسییەکانمان بەسەرەوەیەو لە رۆژاواش کاریگەریی عەرەبمان بەسەرەوەیە.

سەرەڕای ئەم کێشەگەلە، کێشەی سەرەکی ئەمڕۆی ئێمە لە کوردستان نەبوونی خوێندەواریی میدیایی (Media Literacy)یە. تا بەشێوەیەکی قووڵ لەم لایەنەوە گەشە نەکەین، ناتوانین بگەینە ئاست کاروانی رۆژنامەگەرییو راگەیاندنی وڵاتانی دیکەو لەو مەیدانەدا قسەی خۆمان هەبێ. خوێندەواریی میدیایی بە شێوەیەکی گشتی واتە: «تێگەیشتنێکی پشت بەستوو بە لێهاتوویی کە بەو پێیە دەتوانرێ جۆرەکانی میدیاو جۆرەکانی بەرهەمیی میدیاکان لێک جیا بکرێتەوەو بناسرێ». (دکتر یونس شکرخواه، سواد رسانه ای چیست؟) خوێندەواریی میدیایی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی لە سۆنگەی تێگەیشتنێکی راستەقینەوە کەڵک لە ئامرازە میدیاییەکان وەربگرینو بەکاریان بهێنین.

ئەگەر لە ژێر تیشکی ئەم خوێندنەوەیەدا چاو لە میدیای کوردی بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە بە هۆی تێنەگەیشتن لە میدیاو ئەرکو قازانجەکانی ئێستا ئێمە لەم بوارەدا بینەری بێسەروبەرەییەکی سەیرین. ئەم بێسەروبەرەییە ئەمڕۆ لە راگەیاندنو رۆژنامەگەریی کوردی‌دا بۆتە دیاردەیەک کە پێویستە پێشی پێ بگیرێ و هۆکارەکانی لێک بدرێتەوە. هۆکاری سەرەکیی ئەم بێسەروبەرییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کولتوورەی کە پێویستە لە نێوان کۆڕوکۆمەڵ و لایەنە کوردییەکانو تەنانەت تاکی کورددا بەرانبەر بە کاری راگەیاندنو رۆژنامەگەریی هەبێ، بوونی نییە. بە گوێرەی بەرژەوەندی ڕێکخراوەیی و گرووپی لەگەڵ ئامرازە میدیاییەکان دەجووڵێنەوە. لەم رووەوە راگەیاندن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بۆتە ئامرازێک لە خزمەت دەسەڵاتی تاکو حیزبەکان دا.

بەم پێیە ئەوەی کە لە گۆڕەپانی راگەیاندن لە کوردستان‌دا دەیبین، بە تایبەتی لە بواری راگەیاندنی نووسراودا، ناتوانین بە مانا پیشەییەکەی ناوی رۆژنامەگەریی لەسەر دابنێین. بەپێچەوانەی دەسپێکی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی کە لە رووی پیشەییەوە دەسپێکێکی باشە، ئێستاشی لەگەڵ بێ راگەیاندن لە کوردستان نەیتوانیوە رێچکەی پیشەیی خۆی بەمانای راستەقینە بگرێتەبەر. سەرەڕای کۆمەڵێک گرفت و ئاستەنگ، کۆسپی سەرەکی بەردەم راگەیاندن لە کوردستان‌دا نەبوونی خوێندەواریی میدیاییە، بۆیەش باشترین چەمک کە بتوانێ دەربڕی ئەم دۆخە بێ، چەمکی «رەشنامەنووسی»یە. بە کورتی ئەوەی دەیبین کۆمەڵێک تایبەتمەندی باش و خراپی هەیەو دەکرێ بێژین ئەمە رۆژنامەگەریی نییە، بەڵکوو ئەم زۆر و بۆرییە، رەشنامەنووسییە.

# پێنج سەربازی ئێرانیو پرسی سیستان و بەلووچستان



ڕێبوار مەعروفزادە

لە ١٧ ڕێبەندان ساڵی ١٣٩٣ پێنج سەربازی ئێرانی لە بە دەستی بزووتنەوەی چەکداری ئەلعەدل بەدیل گیران. ئەو بزووتنەوەیە لە سەرەتادا ڕایگەیاند ئەو عەمەلیاتە لە کاردانەوەی بە لەسێدارەدانی زیندانیانی بەلووچ ئەنجام داوە. کۆماری ئیسلامی هەوڵیدا پاکستان بە نەپاراستنی سنوورەکانیو جێکردنەوەی ئەو هێزە تۆمەتبار بکا، بەڵام بزووتنەوەی عەدل ڕایگەیان ئەوان لە خاکی ئێران دانو خوازیاری ئالۆگۆڕکردنی ئەو پێنچ سەربازەن لەگەڵ ئازادی بەشێک لە هاوڕێیانیان لە گرتووخانەکانی ئێران. دواجار یەکێک لەو سەربازانە لەسێدارە دراو چوار سەربازەکەی دیکە لەسەر داوای مەولەوی عەبدولحەمید ڕێبەری سوننیەکانی سیستانو بەلوچستان ئازاد کران. لەو ماوەیەدا لە تەنیشت هەوڵدان بۆ ئازادی ئەو کەسانە لە لایەن دەوڵەت، هەم لە نێو ئۆپۆزیسیۆن کۆماری ئیسلامی و هەم لە نێوخۆی ڕێژیم ئەو پرسیارە هاتە پێش کە پرسی خەڵکی سیستانو بەلوچستان چییەو خەڵکی ئەو ناوچەیە چی دەوێ؟

**سنووری بەرفراوان، بێکاری، سوننی بوونو بەلوچ بوون**

ئەو پارێزگایە گەورەترین ڕووبەری خاکی هەیە لە نێو پارێزاکانی ئێراندا و ١١ لە سەدی خاکی ئێران پێکدێنێ. ئەو پارێزگایە ٩٠٠ کیلۆمیتر لەگەڵ ولاتی پاکستان و ٣٠٠ کیلۆمیتر لەگەڵ ولاتی ئەفغانستان سنووری هەیە. ئەو سنوورە بەرفراوانە لەگەڵ ئەفغانستان و پاکستان ڕەهەندێکی ئەمنییەتی گرینگی بەو پارێزگایە داوە. سیستان و بەلووچستان نزیک ٢٧٠ کیلۆمیتریش سنووری ئاوی بە دەریای عومانەوە هەیە. ئەو پارێزگایە لە ڕێگەی چابەهار بە دەریای عومان پێوەند دەرێ. هەروەها خۆدی پێتەختی ئەو پارێزگایە واتە زاهیدان سنووری لەگەڵ هەر دوو وڵاتی پاکستان و ئەفغانستان هەیە. پارێزگای سیستان و بەلووچستان لە بواری ئابوورییەوە بە یەکێک لە هەژارترین پارێزگاکانی ئێران ئەژمار دەکرێ و ڕێژەی بێکاری لەو پارێزگایە یەکجار لەسەرێیە. لە بواری ئایینیشەوە بەشێک لە دانیشتووانی ئەو پارێزگایە سوننی مەزهەبن. بەلووچەکان لەو پارێزگایە بە زمانی بەلوچی قسە دەکەن و هەستی نەتەوەیاتییان هەیە. هەوڵە چەکدارەییەکانی عەبدولمالیکی ریگی کە لە ساڵی ١٣٨٩ لەسێدارە درا لەو هەستە نەتەوەییانە سەرچاوەی دەگرت.

سنووری بەرفراوان، ئابوورییەکی وێران و ستەمی ئایینی و نەتەوەیی دەرهەق بە دانیشتووانی پارێزگای سیستان و بەلووچستان ئەو کۆمەڵە فاکتەرەن کە بەستێنی نارەزایەتی خەڵک بە نیسبەت ڕێژیم و ئەنجامدانی پەرچەکرداری چەکداری دەخۆلقێنن.

**سپا و سیستان وبەلووچستان**

ئەو بەدیل گیرانە لە لایەک نیشانی دا کە هێزەکانی ڕێژیم ئەو توانا ئەمنییەتی-نیزامییەیان بەلانیکەم بەسەر ناوچە سنوورییەکانی پارێزگای سیستان و بەلووچستان نییە و هێزەکانی ئینتزامی و سپا بە پلەی یەکەم شکست خواردوی ئەو مەیدانە بوون. هەروەها دەوڵەت و بەتایبەتی وەزارەتی نێوخۆ و پارێزگاری سیستان و بەلووچستان شکستخواردوی دووهەم ئەو بەدیل گیرانە بوون چونکە ڕۆلێکیان لە ئازاداکردنی ئەو سەربازانەش نەبوو. لە لایەکی دیکە ئازادکردنی ئەو چوار سەربازەش لەسەر ڕاسپاردەی مەولەوی عەبدولحەمید نیشاندەری نفووزی ڕێبەرانی سوونی لە نێو دانیشتووانی ئەو پارێزگایە دایە. هەرچەند هەڵکەوتەکەی ژئۆپۆلیتیکی ئەو پارێزگایە، واتە هەبوونی سنوورێکی بەرفراوان لەگەڵ ئەفغانستان و پاکستان، مەجال بە بزووتنەوەی عەدل دەدا کە بتوانێ جمۆجۆلی چەکداری هەبێ، بەڵام کۆماری ئیسلامیش بە شێوازی جۆراوجۆر یەک لەوان لە ڕێگەی سپای قودس هەوڵ دەدا ئەو گرووپە یان یەکجاری لەنێو ببا یان بە دووپاتکردنەوەی سناریۆیەکی دیکە هاوشێوەی عەبدولمالک ریگی پێگە و ناوبانگی ئەو بزووتنەوەیە لەنێو ببا.

**سەفەری رووحانی بۆ سیستان و بەلووچستان**

حەسەنی رووحانی ڕۆژی سێشەممە ٢٦ی خاکەلێوە سەفەرێکی دوو ڕۆژەی بۆ سیستان وبەلووچستان ئەنجام دا. گومانێک لەوە نیە کە سەفەری رووحانی لەژێر کاریگەری بەدیل گیرانی ئەو پێنچ سەربازە بووە. ڕووحانی لەو سەفەرەدا لە زاهیدان دەستخۆشی لە هەوڵی ماموستایانی سوونیو شیعە و هەروەها پیاوماقوولانی ئەو پارێزگایە بۆ ڕزگاری ئەو سەربازانە کرد. رووحانی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هەموو خەڵک پێویستە لەبەرامبەر دابینکردنی ئەمنییەتی ئەو پارێزگایە بەشدار بن و هێزەکانی نیزامی یارمەتیدەری خەڵک بۆ دابین کردنی ئەمنییەت دەبن. ئەو پەیامەش رەنگە لە تێگەیشتنی رووحانی بۆ دژواربوونی دابین کردنی ئەمنییەت لە سنوورێکی ١٢٠٠ کیلۆمیتری ئەو پارێزگایە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ سەرچاوە بگرێ. دەوڵەتی ڕووحانی بەو سەفەرە لە هەوڵ دایە لە لایەک پێش بەوە بگرێ کە ئەو بەدیل گیرانە دەستی سپا و توندرەوەکانی لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان ئاوەڵا بکا چونکە بەشێک لە بەرنامەی رووحانی تایبەت کراوە بە پێراگەیشتن بە ناوچە ئیتنیکی و هەژارەکانی ئێران. لە درێژخایەنیشدا رووحانی پێویستی بە دەنگی خەڵکی ئەو پارێزگایە دەبێ و ناکارامەیی دەوڵەتی رووحانی رەنگە ئەوان لە بەشداری لە هەڵبژاردنێکی دیکە سارد بکاتەوە.




**سەرچاوەکان:**

**١)»هزار و یک وعده حسن روحانی در سیستان و بلوچستان، بهداد بردبار، رادیو زمانه»**

**٢)»انتشار فقر در ایران، محسن کاکارش، رادیو زمانه»**

**٣) «سپاه و اطلاعات پیام دادند گروگانها را بکشید، فرشته قاضی، روزانلاین»**

# قەیرانی ئۆکراین سەلماندی ئورووپا هەروا لاوازە



**موختار نەقشبەندی**

بەرژەوەندییەکانی ڕووسیاو ڕۆژئاوا لە ئۆکراین چین؟ ئایا گۆڕانکارییەکانی ئۆکراین خۆڕسک بوون یان پلانێکی لەپێشدا داڕێژراو لەلایەن ڕۆژئاواوە؟ ئاکامی قەیرانی ئۆکراین چ دەبێ؟ کاریگەریی ئەو قەیرانە لەسەر مەسەلە نێونەتەوەییەکان چیە؟ کاردانەوەی چین سەبارەت بە قەیرانی ئۆکراینو دابەشبوونو لێکهەڵوەشانی ئەو وڵاتە چیە؟ دژکردەوەی چین بە گەمارۆدانی ڕووسیا چۆن دەبێ؟ ئەم پرسیارانەو دەیان پرسیاری دیکە لەو بابەتە گرینگانەن کە لە دەسپێکی ئاڵۆزییو شۆڕشەکان لە ئۆکراینdا شرۆڤەکارانی سیاسییو سەربازیی بەخۆوە خەریک کردووە. لە قسەکانی بەرپرسانی کرملین دەردەکەوێ ڕووسیا بە هیچ چەشنێک دەست لە مافەکانی ڕووسەکانی ئۆکراین هەڵناگرێو زۆرترین ترسی وڵاتانی ئەورووپایی بە تایبەت وڵاتانی حەوزەی باڵتیک کە خاوەنی کەمایەتیی ڕووسین، ئەوەیە کە ڕووسیا تەنیا بە ئۆکراین ڕازی نەبێو بەوەندە واز نەهێنێ. دەرەنجامی قەیرانی ئۆکراین هەرچییەک بێ جارێکی دیکە وڵاتانی ئورووپایی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە بەبێ پشتیوانیی ئەمریکا توانایی پاراستنی ئاسایشی خۆیان لە بەرامبەر ڕوسیادا نیە. بەستراوەبوونی وڵاتانی ئورووپایی بە ئەمریکا لەباری هێمنایەتییەوە، لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانییەوە دەستی پێکرد. ئەگەر یارمەتییە نیزامیو ئابوورییە زۆرەکانی ئەمریکا بە هاوپەیمانانو بە تایبەت ڕووسیا نەبووایەو هێزەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی بەربڵاو نەدەهاتنە مەیدان، تەواوی ئورووپاو بە تایبەت ئینگلیسو ڕووسیا تووشی چارەنووسێکی هاوشێوەی فەڕانسە دەبوون. دوای کۆتایی هاتنی شەڕ وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاوا بۆ زیندووکردنەوەو بووژاندنەوەی ئابوورییەکەیان پەنایان بۆ ئەمریکا بردو لەباری هێمنایەتییو نیزامیشەوە لە ترسی هێرشو زاڵبوونی سۆڤیەت وابەستەی هێزی سەربازیی ئەمریکا بوون. پەیمانی ناتۆ کە لە ساڵی ١٩٤٩ لەنێوان ١٠ وڵاتی ئورووپاییو ئەمریکاو کانادا (دواتر وڵاتانی یۆنانو تورکیەو ئەڵمانیای ڕۆژئاواو ئیسپانیاش تێیدا بوونە ئەندام) واژۆ کرا بەم هۆیە بوو. بەپێی ماددەی ٥ی ئەم سازمانە هێرش بۆسەر یەکێک لە وڵاتانی ئەندام، وەک هێرش بۆ تەواوی ئەو وڵاتانە دادەنراو ناتۆ ئەرکی بەرگریی لە وڵاتی هێرش بۆکراوی لە ئەستۆ بوو ( ئۆکراین ئەندامی ناتۆ نیە). دوابەدوای لێکهەڵوەشانی شورەوی لە ساڵی ١٩٩١و کۆتایی هاتنی شەڕی ئایدۆلۆژیکی بلووکی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا کە بەدوای ئەودا ڕووسیە لەباری سیاسیو سەربازی و ئابووری بە توندی لاواز بوو، بوو بە هۆی زیادبوونی ڕێژەیی ئەمنییەتی وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاوا، بەڵام ڕووسیا کە میراتگری بەشێکی بەرچاوی چەکە ناسراو و نەناسراوەکانی شۆڕەوی بوو، هەروا لەباری هێزی نیزامییەوە لە کۆی هێزی هەموو وڵاتانی ئەندامی ناتۆ (بێجگە لە ئەمریکا) زۆر بەهێزتر بوو و هەر ئەم بابەتەش بوو بە هۆی بەردەوامیی پەیمانی ناتۆ. قەیرانی باڵکان لە دەیەی نەوەدی زایینیو بێتوانایی وڵاتانی ئورووپایی لە پێشگرتن لە کوشتار و وەچەکوژی لە یۆگسلاڤیای پێشوو بە هۆی پشتیوانییو داکۆکیی ڕووسیە لە سێربەکانی ئەو وڵاتەش بە هۆی لاوازیی نیزامیی ئورووپا لە بەرامبەر ڕووسیە بوو (قەیرانی باڵکان سەرەنجام بە دەستێوەردانی نیزامیی ڕۆژئاوا بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا کۆتایی هات)، دیارە ئەم نیگەرانییەش دوولایەنە بووە و ڕووسیە هەمیشە سەبارەت بە پەرەسەندنی ناتۆ ڕەشبین بووەو هەوڵدانی ئەمریکاو ئورووپا بۆ دانانی سیستەمی بەرگریی دژە موشەکی پەرەی بەم ڕەشبینیە داوە. نموونەی کردەیی ئەم نیگەرانییەی ڕووسیە دەکرێ لە جێگیرکردنی مووشەکەکانی کورتمەودای بالستیکی ئەسکەندەر لە کالینینگراد لە چەند ساڵی ڕابردوو ببینرێ. زیادکردنی ساڵانەی بوودجەی نیزامیی ڕووسیاو هێرشی بەربڵاو بۆ سەر گورجستان لە ساڵی ٢٠٠٨ (بە تێکشکانی گورجستان لەم شەڕەدا، ڕووسیە سەربەخۆیی ئوسیتیا و ئابخازیای بە فەرمی ناسی)و وەسەرخستنەوەی کریما بە خاکی ڕووسیا، وڵاتانی ئورووپایی سەبارەت بە بەکارهێنانی هێز لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچە لەلایەن ڕووسیاوە زیاتر لە پێشوو نیگەران کردووە.



بە بەراوردکردنی هێزی نیزامیی ڕووسیاو ئورووپا هۆکارەکانی نیگەرانیی وڵاتانی ئورووپایی ڕوونتر دەبێتەوە. تەنیا بوودجەی نیزامی ٤ وڵاتی ئینگلیسو ئەڵمان و فەڕانسە و ئیتالیا نزیکەی دوو هێندەی بوودجەی نیزامیی ڕووسیەیە (بوودجەی نیزامیی ڕووسیا لە ساڵی ٢٠١٣، ٨٨ ملیارد دۆلار بوو)، هەرچەند بەشێکی زۆر لە بوودجەی نیزامی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ حقووق و خزمەتگوزاریی پێرسۆنێلی ئەرتەش خەرج دەکرێ، بەڵام دیسانیش بوودجەی توێژینەوە و دروستکردن و ڕاگرتنی کەرەسە نیزامییەکانیان لە ڕووسیا زیاترە بەڵام چونکە ڕووسیە تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووی نیزامیی شۆڕەوی بۆ بەمیرات ماوەتەوە، هەروا لە زۆر لە بوارەکاندا تەکنۆلۆژیای نیزامییەکەی لە هی وڵاتانی ئورووپایی لەسەرترە، بۆ نموونە هیچ یەک لە سیستەمەکانی پەدافەندی هەوایی وڵاتانی ئورووپایی شیاوی بەراوردکردن لەگەڵ سیستەمە پێشکەوتووەکانی ئێس ٣٠٠ و ئێس ٤٠٠ی ڕووسیا نین، فرۆکەکانی سوخۆ ٣٥ و سوخۆ تی ٥٠ ی (سوخو تی ٥٠ فرۆکەی نەسڵی پێنجەمی ڕووسیایە کە ئێستا بە شێوەی زۆر بەرهەم نەهێنراوە) ڕووسیا لە فرۆکەکانی تایفون (دروستکراوی ئینگلیس و ئەڵمان و چەند وڵاتی تر)، رافائیل (دروستکراوی فەڕانسە)، گریپین (دروستکراوی سوئێد) پێشکەوتووترن. بەڵام ڕووسیا بەهۆی کێشە ئابوورییەکانی دوو دەیەی ڕابردوو نەیتوانیوە بە شێوەیەکی زۆر چەکوچۆڵی پێشکەوتوو بەرهەم بێنێ و بە گشتی بەدەنەی سەرەکیی ئەرتەشی ڕووسیە لە چەکوچۆڵی سەردەمی شۆڕەوی پێک دێ و هەر ئەم بابەتەش بۆتە هۆی لەسەرتربوونی نیزامیی ئاساییو ناسراوی وڵاتانی ئورووپایی، بەڵام پشت بەستنی ڕووسیە

ل ١٠

# ئایا کوردەکان لە باکووری کوردستان، سەرکەوتوون؟

## هەڵبژاردنەکانی تورکیەو باکووری کوردستان لە دەلاقەیەکی ترەوە



**ئاگری باڵەکی**

لـەدوای کێشمەکێشمێکی زۆرو چەند مانگە رۆژی ٣٠ی مارسی ٢٠١٤ هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی تورکیا بەڕێوەچوو، هەڵبژاردنی ئەمجارە جیاواز لە جارانی‌تر بەڕێوە چوو، هەڵبژاردنێک کە لەو نێوەدا تورکیەی بەسەر چوار بەرەدا دابەش کردبوو، تورکەکان بە سەر سێ بەرەی دژ بەیەکو کوردەکانیش. بەرەی یەکەمی تورکەکان کە پارتی دادو گەشە پێدان ڕێبەرایەتی دەکات بە ڕێبەرایەتی ئەردۆغانو هەروەها بەرەیەک کە تورکە توندەرەوەکانو بەرەیەکیش کە جەماعەتی گولەن ڕێبەرایەتی دەکەنو رەقیبی سەر سەختی ئەردۆغانن. لەو هەڵبژاردنەدا دەتوانین چەندین پرسی گرینگ ببینین کە دەتوانین بڵێین ریفراندۆمیان لەسەر کرا، سەرەتا ریفراندۆمێک دادەنرێت بۆ ئەردۆغانو حیزبەکەی کە پێش هەڵبژاردن فشارێکی زۆری لەسەر بوو لەسەر ئەو کەیسە گەندەڵیانەی کە لەلایەن پۆلیسی تورکیەوە ئاشکرا کرابوون. لە لایەکی ترەوە بەریفراندۆمێک دادەنرێ بۆ بەرەوپێش بردنی پرسی ئاشتی کوردو تورک لە تورکیە.

لەرۆژی هەڵبژاردنەکان‌دا، بەرەی پارتی دادو گەشە پێدان سەرکەوتنێکی گەورەی بۆ خۆی تۆمار کرد، ئەو بەتەنیا ٤٥٪ی دەنگەکانیان واتە ٢٠ میلیۆن و ٦٠٠ هەزار دەنگی بەدەست هێنا کە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٩ لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکان‌دا ٣٨٪ دەنگەکانی واتە ١٥ میلیۆن دەنگی بەدەست هێنابوو، بەڕادەیەکی باش چۆتە سەرێ.

### بۆ خەڵکی تورکیە (کوردو تورک) دەنگیان دا بە ئەردۆغان؟

تا چەند رۆژ پێش هەڵبژاردن کەم کەس باوەری دەکرد کە ئەردۆغان براوەی هەڵبژاردنەکان بێت، بەڵام بەچەند هۆکاری سادە دەتوانین بڵێین کە هۆکارەکانی سەرکەوتنی پارتی

### داوگەشەپێدان ئەمانەبوون:

یەکەم: دوای نارەزایەتیەکانی ٩مانگی رابردوو لە شاری ئێستانبول‌و چەند شاری دیکە، ئابووری تورکیە کە ئیستقرارێکی نیسبی چەند ساڵەی هەبوو، بەخێرایی دابەزی، هەتا وای لیٚهات کە کەسبو کار لەو ولاتە خەریک بوو دەگەڕایەوە بۆ چەند ساڵ پێش ئێستا کە وەزعیەتی ئابووری تورکیە لەوپەری خەراپی دا بوو، خەڵکی کاسبو دەوڵەمەندی تورکیە لەسیاسەتەکانی ئەردۆگان بۆ ئابووری رازیبوون، چونکە بەهۆی سیاسەتە ئابوورییەکانی ئەردۆغانو پارتەکەی، تورکیە لە وەزعیەتێکی باشی ئابووری دابوو، بەڵام نارەزایەتییەکانی ئەو دوایە وای کردبوو کە کەسبو کار لە تورکیە دابەزێت، دەنگ دان بە ئەردۆغان دەنگ دان بوو بە گەڕانەوەی ئابووری باش بۆ ئەو ولاتە.

دووەم: کاتێک دژبەرانی پارتی دادو گەشە پێدانو ئەدۆغان لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا خەریکی ئاشکرا کردنی گەندەڵییەکانی ئەوان بوون، ئەردۆغان بەسەر تاسەری تورکیەدا دەگەڕاو پرۆژەی ئابووری بنیات دەناو لە هەر شوێنێک جیٚپەنجەی خۆی بەجیٚ دەهێشت. ئەردۆغان بە بەکارهێنانی سیاسەتی زیرەکانە و خوێندوەی باش بۆ کۆمەڵگای کوردو تورک لە تورکیە کارەکانی خۆی دەبردە پێش. ئەو دەیزانی کە هۆکاری دینی یەکێکە لە گرینگترین هۆکارەکان بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ پارتەکەی.

سیٚیەم: دژبەرانی ئەرۆغان لە ماوەیەکی کەم دا بە هەزارن فایل‌و دۆکومێنتیان لەسەر ئەردۆغانو بنەماڵەکەی‌و پارتەکەی بڵاوکردنەوە،کە ئەو شێوە بلاوکردنەوەیە بیٚ باوەڕییەکی لای خەڵک دروست کردبوو کە بەشێکی زۆری ئەو بەڵگانە بە ساختە دابنێن.

چوارەم: کوردەکان لایەکی‌تری هاوکێشەکە بوون بۆ ئەردۆغان. بە سیاسەتێک کە ماوەی ٨٠ ساڵە لە تورکیە پەیرەو دەکریٚ، ئەو هات کوردەکانی وەک نەتەوەیەک بە نەتەوەکانی تورکیە ناساند. تا پێش ئەو ڕێکەوتە حکوومەتە دەسەڵاتدارەکانی سەر تورکیە کوردەکانیان بە تورکی شاخی دەناساند، ئەردۆغان بە سیاسەتی زیرەکانەی خۆی ئەو تابۆیەی شکاندو دەیزانی دەنگی کوردەکان لە تورکیە بۆ ئەو و پارتەکەی چارەنووس سازە. هەروەک دیتیشمان لە ناوچەی کوردنیشن لە ٧ میلیۆن دەنگی دراو، ئەو نزیک بە ٤ میلیۆن دەنگی بەدەست هێنا.

### کوردەکانو هەڵبژاردنی تورکیە...

کوردەکان دوای نەبوونی ئازادیەکی دەیان ساڵە، دوای گۆرانکاری لەناوچەکەو تورکیە هەروەها خەباتێکی دژواری چەکداری‌و مەدەنی‌و کوردەکان کە راستەوخۆ کاریگەری هەبووە کە مافی بەشدارییی سیاسی لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی ولات بەدەست بێنن ، بەڵام کوردەکان بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان بەشداریەکی ئەوتۆیان لە هەڵبژاردن‌دا نەکرد کە کاریگەری زیاتری خۆیان دەربخەن، ئەگەر بەشداریش بن ئەو لایەنەی زۆرترین دەنگی پیٚ دەدەن کورد نیە، لێرەدایە ئاخۆ دەبیٚ ئەو هۆکارانە چ بن کە کوردەکان نەتوانن کەڵکی باش لەو هەلە زێرینانە وەربگرن کە هاتۆتە پێشیان؟ لە حالێکدا هاوکێشەکان بە قازانجی وان لە گۆران دان، تورکەکان لە نێوخۆیان‌دا بوونە چەند بەرە، هەستی ناسیۆنالیستی کورد لە باکوور بە چ ئاقارێکدا رۆیشتوە؟ ئایا هەژمونی دینی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای کوردی باکور بریاردەرە؟ ئایا هێزە کوردییەکانی ئەو دەڤەرە نەیانتوانیوە بچنە نێو ناخی کۆمەڵگای کوردی؟ ئایا هێزێکی وەک ئاکەپە باشتر بەدەنگ کوردەکانەوە چووە یان هێزە کوردەکان؟ ئایا دیسان بەرەی کۆمۆنیزمو دین سەریان لە کوردەکان شێواندوە؟ ئایا لە نێوان هژمورنی دینی‌و کۆمۆنیزمو ناسیۆنالیزم کوردەکان گیریان کردوە؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری تر لەدوای ٣٠ی ئازار دەبیٚ کوردی باکور و هێزە سیاسییەکانیان لە خۆیان بکەن.

### بەراوردێک لە نێوان دوو هەڵبژاردن دا..

هەرچەندە کوردەکان لە باکووری کوردستان لە هەڵبژرادنی شارەوانییەکانی ساڵی ٢٠٠٩دا بەشداریان بەو شێوە نەبوو، بەڵام لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١١ ی پەرلەمان بەشدارییان کردو بە گەرم و گوڕییەکی زۆرەوە هاتنە مەیدان، بەڵام لە بەرامبەردا لە نزیک بە ٩ میلیۆن دەنگدەری کورد(سەرچاوە نارەسمیەکان) کوردەکان تەنها ٢ میلیۆن و ٨٠٠ هەزار دەنگیان بەدەست هێناو توانیان ٣٦ نوێنەر بۆ پەرلەمان بەریٚ بکەن. لە بەرامبەردا پارتی دادوگەشە پێدان لە ناوچە کوردنشینەکان توانی زیاتر لە ٦٠ نوێنەری کورد بۆ پەرلەمان بەریٚ بکەن‌و بە پێچەوانەی پێشبینیەکان کوردەکان نەیانتوانی ئەو سەرکەوتنە بە دەست بێنن کە چاوەڕوانیان دەکرد. لەو سەردەمەدا، ٣ ساڵ دواتر واتە لە بەهاری ئەمساڵدا ، دوای گۆرانکارییەکی زۆر لە پرسی کورد، ئاواڵەبوونی زیاتری کەشو هەوای هەڵبژاردن، کوردەکان بۆ جارێکی دیکە چوونەوە سەر سندووقەکان بۆ ئەوەی بتوانن لە ناوچەکانی خۆیان دەسەڵاتی شارەوانییەکان بەدەستەوە بگرن. بەڵام لەو پەری سەرسورمان‌دا کوردەکان هەمان ژمارەی ٣ ساڵی رابردوو یانی ٢ میلیۆن و ٨٠٠ هەزار دەنگیان تۆمار کردەوە، واتە بە پێی ئەو ئامارانە دەنگدەری کورد لە باکوور نە زیادی کردوەو نە کەمی کردوەو ئەو بەشە کوردییەی کە دەنگی دەدا بە حیزبە تورکەکان هیچ گۆرانیان بەسەر دانەهاتووە ئەوە لە حالێک دایە لە هەڵبژاردنی ئەو جارەدا کوردەکان دەیانتوانی سەرکەوتنێکی چاوەروان نەکراو تۆمار بکەن.

بە پیٚ ئامارەکان لە باکوری کوردستان ٧ میلیۆن و ١٨٧ هەزار دەنگ دراوە بە کاندیدەکانی هەڵبژاردن لە بەرامبەردا کوردەکان لەو ناوچەکانی خۆیان لەو ٧ میلیۆن و ١٨٧ هەزار دەنگەی ناو سندوق تەنها ١ میلیۆن و ٩٠٠ هەزار دەنگیان هێناوە، لە بەرامبەردا پارتی دادو گەشە پێدانی ئەردۆغان ٣ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار دەنگی بەدەست هێناوە، هەروەها دەنگەکانی‌تر دراوە بە هێزە تورکەکانی‌تر.

بە براوی من هیچ جێگای پاساو نیە لە شارە گەروەکانی باکووری کوردستان پارتێکی غەیرە کورد لە پێش کوردەکانەوە بێت. چونکە کوردەکان لە حاڵی خەباتێکی بیٚپسانەوەو پڕ لە خوێن و قوربانین بۆ سەلماندنی خۆیان‌و دەستەبەرکردنی مافەکانیان.



**کوردەکان بۆ جارێکی دیکە چوونەوە سەر سندووقەکان بۆ ئەوەی بتوانن لە ناوچەکانی خۆیان دەسەڵاتی شارەوانییەکان بەدەستەوە بگرن. بەڵام لەو پەری سەرسورمان‌دا کوردەکان هەمان ژمارەی ٣ ساڵی رابردوو یانی ٢ میلیۆن و ٨٠٠ هەزار دەنگیان تۆمار کردەوە**

کورد لە باکووری کوردستان لەم هەڵبژاردنەدا سەلماندی کە نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیە لە پێگەیشتوویی سیاسی کە وەک لە باشووری سوودان لە رێگای ریفراندۆمەوە چارەنووسی خۆی دیاری بکا. کاتێک باشووری سوودان بە ریٚفراندۆمێک جیا بووە، کوردستانیان بە شێوەی جۆراوجۆر هەلوێستی خۆیان دەربڕی کە دەبیٚ کوردیش داوای ریٚفراندۆم بکاو واز لە دروشمە کۆنەکانی بێنیٚ. بەڵام ئێستا، دوای ئەم هەڵبژاردنە، کاتی ئەوە هاتووە کە لە خۆمان بپرسین داخۆ کورد ئەوەندە لە باری سیاسی، فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتییەوە گەشەی کردووە کە داوای ریفراندۆمی بۆ بکریٚ.

**سەرچاوە:**
**ماڵپەری کوردستان و کورد**
**ماڵپەری BBC**
**ماڵپەری CNN تورک**

**درێژەی:**

# قەیرانی ئۆکراین سەلماندی ئورووپا هەروا لاوازە

بە چەکە نائاساییەکان (ناوکی، شیمایی، میکرۆبی) یە نەک چەکە باو و ئاساییەکان! دوای لێکهەڵوەشانی شۆرەوی وڵاتانی ئەمریکاو ڕووسیا بە واژۆکردن و جێبەجێکردنی نهێنی پەیمانەکانی ئیستارت نزیکەی لەسەدا نەوەدی چەکۆچۆڵ و سیستەمە ناوکییەکانی خۆیان لەکار خستن و لەناویان بردن. بەڵام هەر ئەو برە توانایە ناوکییەی بەجێماوەی ڕووسیا بە ڕادەیەک زۆرە کە ڕێبەرانی ئورووپایی تەنانەت غیرەتی بیرکردنەوە لە ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ ڕووسیایان نیە! بریتانیا و فەڕانسە تەنیا هێزە ناوکییەکانی ئورووپان کە ژمارەی کلاوە ناوکییەکانیان کەمتر لە سیٚیەکی کولاوە ناوکییەکانی ڕووسیایە و کەرەسەکانی گواستنەوەی (موشک و فرۆکە)ی کولاهەکە ناوکییەکانی ئەو دوو وڵاتە شیاوی بەراوردکردن لەگەڵ کەرەسەکانی ڕووسیا نین. ڕووسیا ١٤٩٩ کولاهەکی ناوکیی بەهێز و ٤٩١ موشەکی بالستیکی زەمینی و دەریایی (زمین پایە و دریا پایە) و بۆمب هاوێژی قورسی هەیە و ئەمریکا ١٧٢٢ کولاهەکی ناوکی و ٨٠٦ مووشەکی بالستیکی زەمینی و دەریایی و بۆمب هاوێژی قورسی هەیە.( هێندێک لە مووشەکەکانی ڕووسیا و ئەمریکا دەتوانن هاوکات چەندین کولاهەکی ناوکی هەڵگرن ). بە سەرنجدان بە هێزی زۆری چەکە نائاساییەکانی ڕووسیا و زیادکردنی ساڵانەی بوودجەی نیزامی ڕووسیە، ئورووپا هەروا تا چەند دەیەی دیکە بۆ پاراستنی هێمنایەتی‌و ئاسایشی خۆی لە بەرامبەر ڕووسیا وابەستەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبیٚ. ئەم بەستراوەییە بە رادەیە پێویست و توندە کە تەنانەت ئاشکراکردنی بەڵگەگەلێک لەلایەن ئاغای ئیسنودێن لەبابەت سیخوڕیی بەربڵاوی ئابووریی‌و تەکنۆلۆژیی ئەمریکا لە هاوپەیمانە ئوروپاییەکانیشی نەیتوانی کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر ئەو پێوەندییانە دابنیٚ.

**قەیرانی ئۆکراین پەیامێکشی بۆ نەتەوە زوڵملێکراوەکانی دنیا هەیەو ئەویش ئەوەکە وڵاتانی ڕۆژئاوایی دێموکراسی‌و ئازادییان بۆ نێوخۆی وڵاتەکانیان دەویٚ‌و لە کێشە نێونەتەوەییەکان‌دا وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانیان کەڵک لە دێموکراسی وەردەگرن. ئایا مافی دیاریکردنی چارەنووس لە مافە سەرەتاییەکانی هەر نەتەوە و کۆمەڵگەیەک نیە؟ کەوایە بۆ ڕۆژئاوا سەبارەت بە هەستی نەتەوەخوازیی و سەربەخۆییخوازی ڕووسەکانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین کەمتەرخەمە و بە تیرۆریستیان دەزانیٚ؟**

قەیرانی ئۆکراین پەیامێکشی بۆ نەتەوە زوڵملێکراوەکانی دنیا هەیەو ئەویش ئەوەکە وڵاتانی ڕۆژئاوایی دێموکراسی‌و ئازادییان بۆ نێوخۆی وڵاتەکانیان دەویٚ‌و لە کێشە نێونەتەوەییەکان‌دا وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانیان کەڵک لە دێموکراسی وەردەگرن. ئایا مافی دیاریکردنی چارەنووس لە مافە سەرەتاییەکانی هەر نەتەوە و کۆمەڵگەیەک نیە؟ کەوایە بۆ ڕۆژئاوا سەبارەت بە هەستی نەتەوەخوازیی و سەربەخۆییخوازی ڕووسەکانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین کەمتەرخەمە و بە تیرۆریستیان دەزانیٚ؟ ئایا دەنگی لێبڕاوی خەڵکی کریما شایانی ڕێزدانان نیە؟ ئایا ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئوسیتیاو ئابخازیا نادێموکراتیک بوو یان ئەوەکە دژایەتی لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕۆژئاوا هەبوو؟ دیارە ڕووسیەش بەهۆی بەرژەوەندییەکانی پشتیوانی لە ئازادی‌و مافەکانی ڕووسەکانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین دەکا، جیهان هەرگیز هێرشی دڕندانەی هێزەکانی ڕووسیا لە ساڵی ١٩٩٩ بۆ ناوچەی سەربەخۆی خوازی چیچەن و وێرانکردنی ئەو وڵاتە و کوشتار و ئاوارەبوونی بەشێکی ئەو نەتەوەیە لەبیر ناکا.

**وەرگێڕان بۆ کوردی: سیروان موساپوور**

کوردستان

# ئەدەب و هونەر

ژمارە: ٦٣٠

٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٣

٢١ی ئاوریلی ٢٠١٤

## چرایەک کە هەر بە درەوشاوەیی دەمێنێتەوە



عەلی لەیلاخ

مەرج نیە بۆ ئەوەی شاعیرێک لە نیو کۆمەڵانی خەڵکی خۆی ناسراو بێ، دەبێ حەتمەن بەرهەمی زۆر بێت! هەرچەند چ باشتر نووسەران‌وشاعیران هەتا دوایین هەناسە لە تێکۆشان‌وئافراندنی بەرهەمی نوێدا چالاک بن. بەڵام هێندێک شاعیر هەن کە بەرهەمیان زۆرەو زیاتر بیریان لە زیاد کردنی ئەژماری کتێبەکان کردووتەوە هەتا ناوەرۆک‌و تکنیکی شێعری. هەر بۆیە ئەو جۆرە کەسانە لە لایەن ئۆگران‌وخوێنەرانەوە کەمتر پێشوازییان لێ‌نەکراوە. بە زمانی سادەتر «شێعری چاک، ئەگەریش بەچاپکراوی نەچێتە نێو خەڵک، دیسانیش دەچێتە نێو دڵی خەڵکەوە». بۆ نموونە زۆر کەس لە ریگەی گۆرانی‌وئاوازەوە دەیانزانی کە شێعری ئەو گۆرانیە کە لە بەریان کردووە شێعری شاعیرانێکە وەکوو» هێمن‌وقانع و جەلالی مەلەکشاو، مارفی ئاغایی و..دەیان شاعیر سەرکەوتووی‌تر.

نموونەیەکی هەرە ناسراوی شێعری خەڵکی‌و سەمیمانە کە بە شێوەزاری کەلهووری کۆمەڵێک شێعری جوانی لە خۆی بەجێ‌هێشتووە مامۆستا ئەسەدی چراغی‌یە،کە بەداخەوە لەم رۆژانە دڵی کە پڕاوپڕ بوو لە خۆشەویستی زێدو نیشتمانەکەی لە لێدان کەوتوو وکۆمەڵگەی کوردی بەتایبەت ئۆگرانی ئەدەب‌و هونەری خەمبارکرد.

(ئەسەد چراغی) لە ساڵی١٣٠٩ی هەتاویی لە شاری سەرپێڵ زەهاو لە دایک بوو، دوای چەندین ساڵ تێکۆشانی ئەدەبی‌و خزمەت بە فەرهەنگ‌وهونەری کوردی بە تایبەت لە ناوچەی کرماشان بوو بە نووسەرێکی خۆشەویست‌وخۆشناو،کە بە پێی دەستەبەندییەکان دەچێتە ریزی ئەو شاعیرو نووسەرانەی کە بە پشت بەستن بە گەنجینەی زێرینی فۆلکلۆر توانیویانە رێگە لە فەوتانی زمان‌و ئەدەبی کوردی بگرن‌و بە باشترین شێوە زیندووی بکەنەوە. وەک دەزانن لە ماوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری پەهلەوییەکان بەملاوە، هەوڵی زۆر درا کە زمان‌و فەرهەنگی کوردی بەتایبەت لە بەشی خوارووی رۆژهەڵاتی کوردستان (کرماشان‌و ئیلام..) لاوازتر بکرێ‌و درێژە بە پرۆسەی ئاسمیلاسیۆنی فەرهەنگی بدەن.کە بەختەوەرانە بە هەوڵ‌وهیمەتی قەڵەم بەدەستانێک وەکوو مامۆستا چراغی ئەو پیلانە شکستی هێناوەو لە سەردەستی ئەم چینە لە نووسەران رۆژلەدوای رۆژ فەرهەنگ‌و ئەدەبی کوردی لە کرماشانی زێرین‌و ئیلامی دێرین هەتا ئەودێوی سنوورەکانی لورستان لە بۆژانەوەدایە. ئەوەیە کاریگەریی چەکی بەهێزی قەڵەم‌و دەورو نەقشی نووسەرانی بەهەڵویست‌ودەروەست. ئەگەرچی مەڵبەندی کرماشان‌و دەوروبەری ئەو دەڤەرە دەیان‌وسەدان کەڵە نووسەرو هونەرمەندی لێ‌کەوتووەو جێ پەنجەیان لەسەر ئەدەب‌وهونەری ئێران‌وکوردستان دیارە چیرۆکنووسانێک وەکوو»مەحەمەدعەلی ئەفغان‌وعەلی ئەشرەف دەروێشیان‌ومەنسوور یاقوتی‌و زۆر ناوی ناسراوی دیکە ناوبانگی تەواویان هەیە. بەڵام جیاوازی «ئەسەد چراغی» وەکوو شاعیرێکی چالاک لەوە دایە کە وەکوو «شامی کرماشانی»ئەگەرچی مەجالی دەرکەوتنی زیاترو باشتریان بۆ نەرەخسا، ئەویش بەهۆی سیاسەتی دژە فەرهەنگی لە ئێران لە گەڵ نەتەوەکانی دیکە، بەڵام بەم حاڵەشەوە بە هەستێکی بەسۆزی ئەدەبی‌و بە خۆنەویستن‌و خۆشویستنی فەرهەنگ‌و زمانی خۆیان توانیویان لە نێۆ دڵی خەڵکی خۆیان جیگەیەکی باش‌و هەمیشەیی بدۆزنەوە.

مامۆستا چراغی هەتا دوایین ساتەکانی ژیانی سەرەڕای ئازارونخۆشی‌و چوونەسەری تەمەنی، لە زۆربەی کۆروکۆبوونەوە ئەدەبییەکان بەشداری دەکردو وەکوو پیرێکی وردبین‌و شاعێرێکی خۆش بیر لە گەڵ لاوانی تازە پێگەیشتوو هەڵسوکەوتی دەکرد. باوری بەوە هەبوو کە دەبێ شاعیرانی بەئەزموون وەکوو باخەوانێک چاودێری بەرەی نوێ بکەن . هەربۆیە لە تەمەنی ٨٠ساڵی حەوتووی جارێک لە کرماشانەوە دەچوو بۆ شاری ‹گیلان‌غەرب»و لە ئەنجومەنی ئەدەبی «سروە« بەشداریی کۆڕو کۆبوونەوەکانی دەکرد. مامۆستا ئەسەدی چراغی لە چەندین شێوەو قاڵبی جیاجیا هەستی خۆی تاقی کردوتەوە، بەڵام زیاتر درێژەی بەشێعری (موزون)داوەو بەشاعێرێکی حەماسی ناسراوە. لە شێعرەکانی‌دا ئاواتەخوازی سەرهەڵدان‌وسەرکەوتنی نەتەوەکەیەتی‌و رەسەنایەتێکی بەرچاو لەسەرجەم شێعرەکانی‌دا دیارە.

هەستێکی ڕەوان‌و سۆزێکی کوردانە بوو بە هۆی ئەوە کە یەک دوو شێعری زیاترو باشتر لە خۆی لە هەموو پارچەکانی کوردستان بناسرێت . ئەویش دوو شێعری نەتەوەییە کە لە لایەن دوو هونەرمەندی دیکەوە کران بە ئاوازوگۆرانی. لە رێنسانسی فەرهەنگی‌و زمانی لە ناوچەی کرماشان دەنگ‌و ئاوازی مامۆستا ناسری رەزازی «کاریگەریی خۆی هەبوو بەتایبەت کاتێک شێعری «کرماشانەگەم ئەی خاکی زێرین»ی تومار کرد.

مامۆستا «چراغی» لەم چەند بەیتە باسی خەم‌و ئاواتێکی مێژوویی دەکات‌و هاوارێکە بۆ نۆستالژیاو رابردوویکی تاڵان کراو. هەر وەها لە دوایین بەیتی ئەو غەزەڵە باسی سەرکەوتنێک دەکات کە لەگرەوی تەبایی‌و هاودەنگی هەموو ناوچەکانی کوردستان دایە. بەداخەوە بیچگە کۆمەڵە شێعرێک بەناوی(ئالودە! وەهار ئالودە مەکە)، کە سکالایکی شاعیرانەیە بۆ لابردنی ئاسەواری ئیعتیاد! ئیدی هیچ کام لە بەرهەمەکانی ئەو شاعیرە دڵسۆزە تائێستا چاپ نەکراوە. هەر بۆیە وەک لەسەرەتاوە گوتم، چارەنووسی قەڵەمی هیچ شاعێریک هەمیشە گرێدراو بە خەڵات وەرگرتن لە فستیڤاڵەکان‌و بەرهەمی زۆر چاپ کردن نیە.

کاتێک هونەرمەند هەست بە بەرپرسیارەتی بکات و بەتەواوی دەروەست بێ، ئەوەی کە لە دەستی بیت بۆ خزمەت بە کەلتووروفەرهەنگی گەلی خۆی،کەمتەرخەمی ناکات و وەکوو ئەرکێک بەریوەی دەبا.

خەمخۆری مامۆستا «ئەسەد چراغی» تەنیا دانانی چەندین‌و چەند شێعری جوان نەبوو بەڵکوو ئەو مەزنەپیاوە دەیان ساڵ لە تەمەنی خۆی بۆ کۆکردنەوەی (میراث فەرهەنگی‌وصنایع دستی)کورد، تەرخان کردوو هەر بە پشتیوانی‌و دلگەرمی خۆیەوە دەیان پێشانگای لەم بارەوە لە ئێران کردەوە، تا لەم ریگەیشەوە کەلەپووروفەرهەنگی دەوڵەمەندی کوردی بپارێزێت‌و نەهێلێت لە ناو بچێت.کەواتە ئەم شاعیرە مەزنە هەم خزمەتی بە فەرهەنگی مەعنەویی کرد یانێ(زمان)، هەمیش بە فەرهەنگی ماددی کە هەمان کۆکردەنەوەی میراتی فەرهەنگی بوو.



مامۆستا ئەسەدی چراغی لە رێکەوتی ٢٤ی خاکەلێوەی١٣٩٣ی هەتاوی لە تەمەنی ٨٤ ساڵی‌دا بەداخەوە کۆچی دوایی کردوچووە ریزی نەمران.ئەگەرچی وەکوو شاعێرو هەڵسوورێکی فەرهەنگی بەوشیوە کە شیاویەتی نە ناسرا، بەڵام وەکوو چرایەک بەباشی درەوشایەوەو هەر دەدرەوشێتەوە.

من کورد کوردم، زانم بیکەس نیم
هزار فامیلم، بێ فەریاد رەس نیم
نەخشەی بیگانە چوار پارەی کردم
بیمە چوار پارە،زنەم نەمردم
**روحی شاد**

**ژێدەر:ماڵپەڕی بلوط ،**
**زندگینامەی استاد چراغی**

هەڵچنین

## مارکیزیش نەیتوانی لیّمان تیّکبدات



مستەفا شێخە

لەماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی دەخوێنینەوە، وەک ئەم دواییانە چێژی خۆشمان لە راگەیاندنی کوردی وەرنەگرتووە. ئەم راگەیاندنە، بە رۆژنامەو تەلەفزیۆن‌و گۆڤارو رادیۆیەوە، وەک لای خۆمان ئێژن هەر زینەتە بیخوێنیەوەو چاوی لێ‌بکەی‌و گوێتی پێ‌بسپێری. بە تایبەت لە بەشەکانی جۆراوجۆری ئەدەبی‌و هونەرو مونەرو شتی وادا بەڕاستی خەریکی بەرەو پێشبردنی هونەرە و خەریکە کولتوور بە چەشنێک دەخەملێنێت، پێی شاگەشکە دەبی و چاوەڕوانی لە داهاتوودا بمانگەیەنێتە فەرهەنگێکی جوان‌و لەبەر دڵان. ئەگەر خێرا چاوێک بە سەردێرو وەک ئەم دواییانە باوە، مانشێتی گۆڤارو رۆژنامەکان‌دا بگێڕی، هەر بە یەکجاری خەنی دەبی.

دوای ئەوەی ئینترنێت بوو بە سەرچاوەی زانیارییەکان‌و وەک تۆڕێکی پێوەندی‌گرتن ئێمەی بە جیهانەوە گرێ‌دا، هەر مەپرسە رۆژنامەنووسان‌و پسپۆڕانی بواری راگەیاندن چۆن دەرگای جیهانی نوێیان بە ڕووماندا کردەوە. ئێستا لەم سەردەمەدا کێ هەیە لە پانتایی ئامێرەکانی راگەیاندنی کوردی بڕوانێت‌و سات بە سات‌و چرکە بە چرکە ئاگاداری ئاڵوگۆڕو پێشکەوتنە خێراکان نەبێت؟ کامە پارچەو قوماش دەبێتە مۆدی رۆژ، دەیخەنە بەرچاوت. کێهە ماتیک و سووراو و سپیاو لە گۆشەیەکی دووری ئەم دنیا بچووکەدا مۆدە، پێشانت دەدەن. راگەیاندنی خۆمان کە بە قووڵی هەستی بە سەریەتیی ئەم بەشەی راگەیاندن کردووە، زۆر جوان دەیقۆزێتەوە و بە زمانێکی جوان‌و پاراو و گەنجانە دەیکاتەوە کوردی‌و لەگەڵ وێنەی جوانی ئەکتەرو گۆرانیبێژ و دەورگێڕی فیلمە سینەماییە خۆشەکان‌دا بۆمان بڵاو دەکاتەوە. بەیانیان کاتێک بە چاوی خەواڵوو و دەمی بە باوێشکەوە بە بەردەم رۆژنامەفرۆشەکان‌دا رادەبری، پێت نییە بێ ئەوەی سەیری بڵاوکراوەکان بکەی بەسەریان‌دا تێبپەڕی. ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لاپەڕە ڕەنگاوڕەنگەکانیان بەم بابەتانە دەڕازێننەوە.

ساڵی ساڵان بە دەگمەن لەسەر قەپێلکی کاغەزی سابوونە بۆنخۆشەکان‌دا وێنەی جوانی کچانی لێکو لەبارت دەدیت. ئێستا حەوجێ بەوە ناکات دووکان بە دووکان بەدوای سابوونی لۆکس‌دا بگەڕێی. ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لە بۆسەدان ئاخۆ ئەکتەرو گۆرانیبێژە کوڕو کچەکان لەم سەرو ئەوسەری جیهان دوێنێ ئێوارێ چ جلێکیان کردۆتە بەرو بە چ مۆدێلێک خۆیان جوان کردووە، لەدوا ساتەکانی بەر لە چاپی رۆژنامەو گۆڤارەکان بەپەلە دەیانقۆزنەوەو لە لاپەڕە رەنگاوڕەنگەکانیان‌دا چاپیان دەکەن. هەر لەگەڵ ئەم وێنە جوانانەدا ئەوەشت پێدەڵێن کە فیسار گۆرانیبێژی لوبنانی‌و ئامریکایی‌و ئوروپایی حەزیان لە چ خواردنێکەو پێیان خۆشە لەگەڵ کام کوڕ یان کچ یان وەرزشکاردا ڕابیبوێرن.

جا بەمن چی، پیرە پیاوو پیرەژنەکانی خۆمان لەم زمانە کوردییە تێ‌ناگەن کە ئەم هەواڵ‌و بابەتانەی پێ دەنووسرێت. خۆ هیچی بۆ ئەوان نییە، ئەمە هەمووی بۆ گەنجان‌و لاوانی خاوەنی بیرو ڕوانینی جوان بڵاو دەکرێتەوە. ئەگەر لە ڕاستی دەپرسی هەر پێویست ناکات ئەم لاپەڕانەی ڕاگەیاندن‌و شاشەی تەلەفزیۆن بە قسەو باس‌و نووسراوە پڕ بکرێنەوە. هەر وێنە جوانەکان پێشان بدرێن، بەسە. ئەمڕۆ زمان، زمانی وێنەو جووڵەیە. کێ سرنج دەداتە ئەوەی ئاخۆ فرمان لە ناوەند یان کۆتایی ڕستەیە یان وشەکان چی دەڵێن؟

هەر ئەوەی ناخۆشە، جاری وایە هێندێک هەواڵ‌و مەواڵی سەیرو سەمەرە بڵاو دەکەنەوە «جەو»مان لێ تێکدەدەن. بەخۆت نییە لە داخان دەرهەڵدەبی‌و وەک شێتانت لێ‌دێت. ئەوەتا لەم چەند رۆژەی رابردوودا کابرایەکی تەمەن ٨٧ساڵان لە وڵاتی مەکسیک کۆچی دوایی کردووەو دەزگاکانی راگەیاندنی ئێمەش بەتەما بوون باسی بکەن. ئەمە کوا «ئیشە» ئەم لاپەڕە جوانانە بە هەواڵی مردنی کابرایەکی ئەوسەری دنیا خەسار بکەی‌و ئەم هەواڵە خۆشانەی دیکە بڵاو نەکەیەوە؟

چەند رۆژێک بەسەر مردنی ئەم کابرایەدا تێپەڕی، بەڵام بەخۆشییەوە خەریکە ترسەکە دەڕەوێت‌و زۆر کەم باسی کرا. چاک نەبوو راگەیاندنی ئێمەش وەک هی عەرەب‌و فارس‌و تورک‌و نەتەوەکانی دیکە زۆر باسیان نەکرد و لە مەترسییەکی گەورە رزگاریمان هات! ئەگەر بهاتباو زیاتر باسی کرابا، وێدەچوو خەڵکیش بەلاڕێ‌دا بچووبان‌و کەسانی زۆر روویان کردبایە خوێندنەوەی کتێبەکانی. ئەگەر خەڵک کتێب بخوێننەوە، ناچارن بیر بکەنەوە و رەنگە دواتر شتیش بنووسن.

قسەی خۆمان بێت و لەنێو خۆمان دەرنەچێت، ئەم کابرایەی کە باسی دەکەین هەر ئەم گابریل گارسیا مارکیزە کە پێم خۆش نییە نێویشی لە زمان منەوە بڵاو بێتەوە و مەترسی لەسەر ئەم سەقافەت‌و پێشکەوتنەمان دروست بکات، دەڵێن کاتێک لە ساڵی١٩٦٥دا بیرۆکەی نووسینی کتێبی «سەت ساڵ تەنیایی» بە بیری داهات، لە سەفەربوو. ئۆتۆمبێلەکەی بەرەو ماڵ وەرسووڕاندەوە، لە ژوورێک‌دا خۆی بەند کردو هەموو رۆژێک ٦ پاکەت جگەرەی بەبا دەکردو ساڵ و نیوێک دواتر خێزانەکەی خۆی ١٢ هەزار دۆلار قەرزدارکرد.

هێندێک کەسی لە رێگا دەرچووش دەڵێن بە ئەم کتێبە خەڵاتی جیهانیی نۆبێلی وەرگرتووە. رەحمەت لە دایک و باوکی نووسەرانی لای خۆمان کە ئەوەندە بەوردی نووسراوەکانی ئەم کابرایەیان نەخوێندۆتەوەو ناتوانن بۆ دارشتنی خەبەری مردنیشی بابەتی درێژی لەسەر بنووسن. ئەگەر ئەوا نەبوایە، بۆماوەی چەندین رۆژ لاپەڕە جوانەکانی راگەیاندنمان دەفەوتاو دەبوو بۆ دیتنی وێنەی جوانی کچ و کوڕە مۆدێلەکان دەستەوئەژنۆ دانیشین.

بە خۆشییەوە ئامێرەکانی راگەیاندنی ئێمە وەک ئەوانی دیکەی نەکرد و ئەم مارکیزەش نەیتوانی لیمان تێکبدات. وێدەچێت سەدانی وەک ئەم کابرایە نەتوانن بەرەوڕووی خۆڕاگریی راگەیاندنی ئێمە لەبەرانبەر پێشهاتە مەترسیدارەکان‌دا ببنەوە. ئەمجارە لەم مەترسییە رزگاریمان هات و ژیانی ئارام و بێ کێشە و قڕەمان لێ نەشێوا.

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 630 21 april 2014

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137

polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4



ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com


## بەردەوامیی هەوڵەکانی ژینگەپارێزانیو بەخشینەوەی ژیان بە سروشت

### بۆکان، کرماشان و مەریوان

ڕۆژی سێشەممە، ١٩ ی خاکەلێوە لە بۆکانو لە سەر گلکۆی موقبیل هونەرپەژوو لە ڕێوڕەسمێکدا کە بەبەشداریی کۆمەڵێک لە ژینگەپارێزان ڕێک خرابوو، لە لایەن ڕاوچییانەوە چەندین کەو ئازاد کرانو قەفەسەکانیان شکێندرانو سووتێندران.

ژینگەپارێزییەکان شاری شاهئاباد لە پارێزگای کرماشانیشی گرتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕە ناوچەییەکان ڕۆژی هەینی، ٢٢ ی خاکەلێوە ژمارەیەک لە چالاکانی ژینگەپارێزی شاری شاهئاباد لە کرماشان، بە شێوەیەکی خۆڕسک سەیرانگەی گلاڵسیەی سەربەو شارەیان خاوێن کردۆتەوە، هەروەها ڕۆژی شەممە ٢١ی خاکەلێوەش ژمارەیک ڕاوچیی کوردی خەڵکی گوندی شارانی لە ناوچەی مەریوان، لەڕێوڕەسمێکدا ١٢ کەویان لە چیاکانی دەوروبەری ئەو گوندە ئازاد کرد و دواتر قەفەسەکانیان لە ئاگردا سووتاند.

هەروەها ڕۆژی ٢٠ی خاکەلێوە، ڕاوچییەک لە ناوچەی مەریوان بەناوی «تایر خوسرەوی»، تاقە کەوەکەی خۆی بە ژینگەی کوردستان سپاردەوە.

لە ڕۆژی ١٨ی خاکەلێوەی ئەمساڵیشدا، بەهاوکاریی ئەنجومەنی خەڵکیی پاژین لە شاری بانە، لە ڕێوڕەسمێکدا




١٠ سمۆرە و ١١ کەو بۆ داوێنی سروشتی کوردستان گەڕێندرانەوە.

شایانی باسە لە ماوەی ٢ مانگی ڕابردوودا، ڕەوتی ئازادکردنی باڵندە و وازهێنان لە ڕاوکردن، نزیک بە تێکڕای شارەکانی کوردستانی ئێرانی گرتۆتەوە، لە زۆربەی شارەکاندا ڕاوچییە کوردەکان بە کۆمەڵ وازیان لە ڕاو کردن هێناوە.

شایانی باسە ماوەیەکە لە کوردستان هەوڵە ژینگەپارێزییەکان پەرەیان سەندوە بە جۆرێک کە هەوڵو بەرنامەی ژینگەپارێزانی کورد لە میدیاکانی سەراسەریی ئێرانیش‌دا ڕەنگدانەوەی بەرچاوی بووە.

## کۆچی دوایی نووسەری «سەدساڵ تەنیایی»



نووسەری بەناوبانگی ئەمریکای لاتین، گابریێل گەرسیا مارکیز کۆچی دوایی کرد.

گابریێل گەرسیا مارکیز نووسەری بەتواناو براوەی خەڵاتیی ئەدەبیی نۆبلو نووسەری ڕۆمانە بەناوبانگەکانی «سەد ساڵ تەنیایی»و « خۆشەویستیی ساڵەکانی وەبا» لە تەمەنی ٨٧ ساڵی‌دا ماڵئاوایی لە ژیانو ئەدەبیات کردو لەلایەن دەوڵەتی کۆلۆمبیایەوە سێ ڕۆژ وەک ماتەمینیی گشتی لەو وڵاتە ڕاگەیەندراوە.

گابریێل گەرسیا مارکیز ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی خەڵاتی ئەدەبیی نۆبلی بۆ ڕۆمانو چیرۆکە کورتەکانی وەرگرتو لەو کاتەی خەڵاتەکەی بردەوە ئەمەریکای لاتینی بە سەرچاوەی داهێنانی چاوبرسی ناو برد کە پڕە لە غەمو جوانی.

شایانی باسە کە بەرهەمی ناوداری مارکێز، واتە «سەد ساڵ تەنیایی» لەلایەن حەسەن ڕەستگار، کەسایەتیی سیاسیی ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە کراوەتە کوردی.

### بەرهەمی نوێ





«واران»

کۆمەڵە چیرۆکێک لە نووسینی خەبات ڕەسووڵی لەلایەن چاپەمەنی ڕۆژهەڵاتەوە چاپو بڵاو کرایەوە. ئەم کۆمەڵە چیرۆکە لە ١١٨ لاپەڕدا بڵاو بۆتەوە، لەلایەن نووسەرەوە پێشکەش بە کتێبخانەی «کوردستان» کراوە.

## کچە هونەرمەندێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پیشانگەیەکی شێوەکاری لە شاری هەولێر کردەوە

کاتژمێر ٥ی سەرلە ئێوارێی ڕۆژی چوارشەممە ٢٧ی خاکەلێوە، هێرۆ شێخە ژمارەیەک لە تابلۆ شێوەکارییەکانی خۆی، کە هەتا ئێستا پیشان نەدرابوون، لە پیشانگەیەکدا لە گەلەری شانەدەر لە شاری هەولێر خستەبەر بەر دیدی ئۆگرانی هونەری شێوەکاری.

ئەم کچە شێوەکارە هەوڵی داوە تواناکانو خەمەکانی ژنان لە تابلۆکانی‌دا ڕەنگ بدەنەوە.

هێرۆ شێخە لە دایک بووی ١٣٧٠ی هەتاوی شاری شنۆ ی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەو هەر لە تەمەنی منداڵییەوە ئۆگری هونەری نیگارکێشی بووەو





ماوەی چەند ساڵێکە لەگەڵ بنەماڵەکەی لەباشووری کوردستان دەژین. ناوبراو لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی شاری هەولێر بڕوانامەی لیسانسی وەر گرتوو.



چەند مەزنن ئەوانەی بەخشەندەن

### بەر لە ماڵاوایی

## ئەوان ناتوانن ئینسانییەت لەناوبەرن

### دوو ڕووداوی شیاوی ڕێز... لەم تاریکستانە، ترووسکایی هەر ماوە



کوێستان فتووحی

هاتبوون تۆڵەی کوڕەکەیان بکەنەوە، هاتبوون داخی دڵی ئەو چەندساڵەیان ساڕێژ بکەن، هاتبوون مزگێنی بەرنەسەر گۆڕی کوڕەکەیان پێی بڵێن حەقی تۆمان سەند!.... هاتبوون .... بەڵام نا، ئەوان لەم تاریکستانەدا مرۆڤایەتییان ون نەکردبوو، ئەخلاقی لێبوردەییان هەبوو، ئەوان لە ڕێی مرۆڤایەتی‌دا بەخشەندە بوون. بەڵێ، ئەوان مزگێنی بەخشەندەییان بۆ سەرگۆڕی کوڕەکەیان بردو ئارام بوونەوە.

وێکچوونی نێوان قەتڵو و ئێعدام «قصاص» چیە؟ لە هەر دوو حاڵەت‌دا گیانی مرۆڤێک دەسێندرێ. وێکچوونی نێوان بنەماڵەی قوربانییو بنەماڵەی تاوانبار چیە؟ هەردووکیان ئازیزێکیان لەدەست دەدەن.

### چیرۆکی یەکەم

بیستو چوار کاتژمێر پێش ڕووداوەکە عادڵ فێردەوسیپوور وێژەری بەرنامەی «نود» کە بەرنامەیەکی وەرزشییەو هەر حەوتووی جارێک لە تلویزیۆنی ئێرانەوە بڵاو دەبێتەوە، مەسەلەیەکی باس کرد کە ڕەنگە هێندێکیش پێوەندی بە فووتباڵەوە بووبێ! ناوبراو ڕایگەیاند، کەسێک خەریکە ئێعدام دەکرێ، داوای لە بینەرانی بەرنامەکەی کرد بە ناردنی «پەیامەک» بۆ بنەماڵەی قوربانییەک، بە مەبەستی لێبوردن لە کەسێکی مەحکووم بە ئێعدام، بەڵکوو لەمردن ڕزگاری بکەن. بینەرانی بەرنامەکە لە ماوەیەکی کورت‌دا زیاتر لە یەک میلیۆن پەیامەکیان بۆ بەرنامەی نەوەد نارد ، ئەوە بووە هیوایەک بۆ کەسێک کە لە دواساتەکانی ژیانی‌دابوو.

دوای تەواو بوونی بەرنامەی «نود» دوو ڕای جیاواز (موافق و موخالف)ی عادڵ فێردوسیپوور وێژەری بەرنامەکە لە سەرئەم کارەی ناوبراو لەفەزای مەجازی‌دا بۆچوونەکانیان نووسی. ئەوانەی مخالیف بوون گوتیان عادل کەڵکی لە جێگەو پێگەی ئەو بەرنامە پڕبینەرە بۆ مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی کە پێوەندی بە وەرزشەوە نیە، وەرگرتوە. لەوە گەڕێین کە پێوەندی بە فوتباڵەوە هەبوو یان نا، گرنگ ئەوە بوو فێردەوسیپوور بە ئاکامی دڵخوازی خۆی گەیشتو گیانی کەسێک لە مردن ڕزگار کرا.

### لێبوردن لە چرکەی نەوەددا

عەبدولغەنی حوسێن‌زادە و هاوسەرەکەی تەنافی داریان لە ملی «بەلال» قاتڵی کوڕەکەیان کە بە «قصاص» مەحکووم ببوو، دەرهێنا. ئەم لێبوردنە جگە لەوەی بنەماڵەیەکی لە شۆکی لەدەست دانی ئازیزێکیان ڕزگار کرد، دڵی ئەوانەشی شاد کرد کە ئەمجارەیان کۆببوونەوە نەک بۆ سەیری ئێعدامی وەک جارانی پێشوو، بەڵکوو بۆ بیستنی هەواڵێکی خۆش هاتبوون.

عەبدوڵڵا حوسێن‌زادە ساڵی ١٣٨٦ لەگەڵ بەلال تووشی شەڕێک دەبنو بەلال چەقۆ دەردێنێ و چەندین چەقۆ لە عەبدوڵلا دەداو دواتر عەبدوڵڵا حوسێن‌زادە بە هۆی کارییبوونی برینەکەی گیان لەدەست دەدا. عەبدوڵغەنی حوسێن زادە باوکی عەبدوڵڵای کوژراو کە قوتابخانەی وەرزشیی فووتباڵی هەیەو یەکێکە ماموستایانی بواری وەرزشی فووتباڵ و لەم بوارەدا زۆر لاوی پەروەردە کردوە، لەگەڵ هاوسەرەکەی پاش ئەوەی لە قاتڵی کوڕەکەیان خۆش بوون، گوتیان ئەو پوولەی وەک دیە (خوێنبایی) کوڕەکەیان وەری دەگرن، قوتابخانەیەکی فووتباڵ بە ناوی کورەکەمان لە شاری «نور» ی پێ دروست دەکەین بۆ خزمەت بە لاوانی ئۆگری وەرزشی فووتباڵ. ڕەنگە ئەوە بتوانێ لاوەکان لە توندوتیژی دووربکاتەوە و ئەوانیش هێندێک ئارام کاتەوە.....

### چیرۆکی دووهەم

لە دەوروبەری ساڵی نوێی ١٣٩٣دا هەواڵی ڕزگار کردنی ژنێک لە پای سێدارە بڵاو بۆوە. هەلالە محەممەدی هەتا بن پەتی سێدارە چەند هەنگاوێکی مابوو، بەڵام بە هۆی هەوڵی کۆمەڵێک ژنی تێکۆشەری ڕێگای پاراستنی مافی مرۆڤ، گیانی لە مردن ڕزگار کرا. هەلالە خەڵکی مهاباد چەندساڵ لەوەپێش بە تاوانی کوشتنی پیاوێک کە بە دیفاع لە جەستەو پاراستنی کەرامەتی ئینسانیی خۆی دەستی بۆ ئەم کارە نەخوازراوە بردبوو، دوای چەند ساڵ تەحەمولی زیندان، مەحکووم بە «قصاص» دەبێ. بەڵام بەخۆشییەوە بە هەوڵو تێکۆشانی مریەم خانمی قازی کچی بنەماڵەی قازی محەممەد و کۆمەڵێک لە چالاکانی دیکەی شاری مەهاباد لە ماوەیەکی کورددا ٩٠ میلیۆن تمەن بابەتی «دیە» بۆ بنەماڵەی کوژراوەکە لە لایەن خەڵکی خێرخواز و ئینساندۆست کۆدەکرێتەوە، بەڵام بنەماڵەی کوژراوەکە هەربەوندە ڕازی نابن و داوای ٦٠ میلیۆن تمەنی دیکە دەکەن. هەر لەم پێوەندییەدا، هەوڵەکان بۆ ڕازگاری گیانی هەلالە چڕتر دەکرێتەوە و لە شاری مەهاباددا ڕادەی ١٦٠ میلیۆن تمەن کۆدەکرێتەوە. ئەوەش کە بە چ سەختییەک ئەم پووڵە جۆر دەبێ، با بمێنێتەوە. بۆ خانمی قازی و هاوکارەکانی.

### ئێستا هەلالە درگای زیندانی لەسەر کرایەوە و گیانی لە مردن ڕزگار بووە، بەڵام...

بەپێی قسەی شایەدحاڵەکان، هەلالە درگای بنەماڵەکەی لەسەر داخراوە ، نەک بەهۆی کوشتنی ئەو پیاوەی ویستوویەتی دەستدرێژی بکاتەسەر و ئەویش ناچار بووە دیفاع لە خۆی بکا، بەڵکوو وەک تاوانبارێکی کۆمەڵایەتی سەیری دەکەن. تاوانێک کە زۆر لەژنانی بێتاوانی ئەم کۆمەڵەی ئێمە، پیاوانێک بەسەریان‌دا دەسەپێنن!

لەم چیرۆکەیان‌دا «نا» بڵێی هەر تاوانباری، خۆبەدەستەوەدەی هەر تاوانباری! ئەمەیان چیرۆکی ژنانێکە کە دوای هەمووشتێ ئەمجارەیان لە لایەن بنەماڵەوە بە ناحەق تاوانبار دەکرێنو درگاکانیان لەسەر دادەخرێ بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەرێتەوە چارەنووسی ژنێکی بێپەنا چی بەسەر دێ.

### هەستی لێبوردەیی و پابەندبوون بە ماڤەکانی مرۆڤ

بە هۆی ئەو توندوتیژییانەی کە سیستمی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵدا نەهادینەی کردوون، کاڵترین شت بەلای خەڵکی ئێرانەوە لاوازیی هەستی لێبوردەییە. مرۆڤەکان زۆر ئاسان دەست بۆ تاوان دەبەنو ئاسانیش تۆڵەیان لێ‌دەکرێتەوە. هەستی تۆڵەسەندنەوەیە پابەندبوونمان بە ماڤەکانی مرۆڤەوە لەقو لاواز دەکا.

بەڵام ئەو چەند ڕووداوەی لەم ماوەدا لە ئێران ڕوویان‌داوە، دەتوانێ دەسپێکێکی باش بێ بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو دۆخە پڕ لە توندوتیژییەی لە کۆمەڵدا جێی داکوتاوە. پێویستە چالاکانی مافی مرۆڤ و مافپارێزن ئەم ڕەوتە ئینسانییە بەرەوپێش بەرنو کار بکەن بۆ کەمکردنەوەی ئاستی تاوانو تاوانکاری لە کۆمەڵدا.

بە هیوای ئەو ڕۆژەی کە بە هەوڵوهیممەتی خەڵکانی مرۆڤدۆستو شارەزایانو پارێزەرانی ماڤی مرۆڤ، سرنج بدرێتە پێشهاتە تاڵ و پڕدەردەکانی ئەو قانوونانەی دەبنە هۆی پەرەسەندنی توندوتیژی و هەرچی زووتربۆ گۆڕینیان دەستبەکار بن.